تاهیر بن جەلوون

ڕەگەزپەرستی چییە؟

– گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا –

وەرگێڕانی: خەبات عارف

ڕەگەزپەرستی چییە؟[١]

ـ گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا ـ

نووسینی: تاهیر بین جەلوون

وەرگێڕانی: خەبات عارف

Bokförlaget Aura

Stockholm 2005

ڕەگەزپەرستی چییە؟
ـ گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا ـ
نووسینی: تاهیر بین جەلوون
وەرگێڕانی: خەبات عارف
چاپی یەکەم: سوید ـ ستۆکهۆڵم ٢٠٠٥
Vad är rasism?
Samtal med min dotter
Tahar Ben Jelloun
Översättning: Khabat Aref Marouf
Första utgåva - Stockholm 2005
Bokförlaget Aura - Stockholm
Domargränd 16
129 47 Hägersten - Sweden
www.aura-publishit.com
E-mail: info@aura-publishit.com

ISBN 91-972549-2-4

ڕەگەزپەرستی چییە؟

بۆ: مریەم

پێشەکی

١٩٩٧/٢/٢٢ کاتێک لەگەڵ کچەکەمدا بەشداری خۆپێشاندانێکمان دەکرد دژی پێشنیازی وەزیری ناوخۆی فرەنسا؛ دۆبرێ، لەمەڕ دەرکردنی یاسایەک سەبارەت بە مافی گەشتکردن و مانەوەی بیانییان لە فرەنسادا، کەوتمە سەر ئەو بیرەی ئەم دەقەی بەردەستت بنووسم. کچەکەم، کە ئەوسا دە ساڵان بوو، کۆمەڵێک پرسیاری لێکردم. دەیویست بزانێت بۆ خۆپێشاندانمان دەکرد، داواکانی ئێمە لە خۆپێشاندانەکەدا چ مانایەکیان هەبوو، دەیویست بزانێت نارەزاییدەربڕینی ئێمە لەسەر شەقامەکان کەڵکی چی دەگرت و پرسیاری دیکەی لەو چەشنە.
هەر لە سۆنگەی ئەو پرسیارانەشدا بوو کە دەستمان بە باسوخواس کرد لەسەر ڕەگەزپەرستی. هەر ئەوسایش پرسیار و سەرنج و تێڕامانەکانی ئەوم بیر کەوتەوە و دەستم کرد بە نووسینی چەند دێڕێک. سەرەتا پێکەوە ئەو دێڕانەمان خوێندەوە. پاشان، ئەو دەقەی کە نووسیبووم سەرلەبەر نووسیمەوە. هەندێک لەو چەمکە دژوارانەی لە دەقەکەدا هاتبوون گۆڕیمن و هەندێک لەو چەمکانەیش کە تێگەیشتنیان ئاسان نەبوو، باشتر لێکم دانەوە. جارێکی دیکە دەقەکەمان لەگەڵ دوو هاوڕێی کچەکەمدا خوێندەوە و تێڕامان و هەڵوەستەی ئەوان لە بەرانبەر دەقەکەدا بۆ من زۆر گرنگ بوون و، لە داڕشتنەوەی ئەم دەقەدا هالیکارییان کردم.
بە لانی کەمەوە پانزە جار گۆڕانکاریم لەم دەقەی بەردەستتدا کردووە. بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕوون و سادە و پێوەست بێت بە

نێوەڕیکی باسەکەوە. ئەگەرچی من بەتایبەت ڕووی دەمم لە منالآنی هەشت تا چواردە سالآنە، بەلآم هیوادارم لە لایەن هەموو کەسێکەوە پێشوازی لێ بکرێت و بخوێنرێتەوە و باوکودایکی ئەو منالآنەش بیخوێننەوە.
لە ڕوانگەی منەوە تێکۆشان دژی ڕەگەزپەرستی لە خوێندنگەوە دەست پێ دەکات، مرۆڤ دەتوانێت منالآن، نەک گەورەکان، پەروەردە بکات. ئەمەیش هۆیەکە کە ئەم دەقە هەم لە ڕووی بیرلێکردنەوە و هەم لە ڕووی شێوازی نووسینەوە بە نیاز و مەرامی پەروەردەیی نووسراوە.
لێرەدا دەمەوێت سوپاسی ئەو هاوڕێیانەم بکەم کە ئەم دەقەیان خوێندووەتەوە و لە ڕاوبۆچوونی خۆیان ئاگاداریان کردووم. سوپاس بۆ هاوڕێیەکانی مریەمیش کە لە سیاغەکردنی پرسیارەکاندا بەشدارییان کردووە.

ـ بابە، ڕەگەزپەرستی چییە؟
ـ ڕەگەزپەرستی جۆرێکە لە بوون، کە تا ڕادەیەک بەربڵاوە، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە و بەداخەوە لە هەندێک وڵاتاندا بووە بە خۆراکێکی ڕۆژانە، بە جۆرێک کە چی تر مرۆڤ هەستی پێ ناکات. ڕەگەزپەرستی، بەدگومانی و تەنانەت ڕقلێبوونەوەیە لەو مرۆڤانەی، کە لە ئێمە جیاوازن و بە جۆرێکی جیاواز لە ئێمە هەڵسوکەوت دەکەن.
ـ مەبەستت لە "خۆراکی ڕۆژانە" ئەوەیە، کە هەموو شتێک ئاساییە؟
ـ نا... کە شتێک دەبێت بە خۆراکی ڕۆژانە، بەو مانایە نییە کە هەموو شتێک ئاساییە. مرۆڤ حەز بە بەدگومانی دەکات، لە بەرانبەر ئەوەی کە لە خۆی ناچێت. بۆ نموونە: بەرانبەر بیانییەک. ئەمەش جۆرێکە لە بوون، کە هێندەی کەونارایی مرۆڤ کۆنە و سەرانسەری دنیاشی گرتۆتەوە. ئەمەش پێوەندی بە هەموومانەوە هەیە.
ـ کە وایە، ئەگەر پێوەندی بە هەموومانەوە هەبێت، دەبێت منیش ڕەگەزپەرست بم!
ـ منالان ڕەگەزپەرست نین. هیچ منالێک وەکوو ڕەگەزپەرست لە دایک نابێت. ئەگەر دایک و باوک، یان کەسوکاری منالێک، بیرۆکەی سەیر و سەمەرەی ڕەگەزپەرستانەیان نەخستبێتە مێشکی منالەکانیانەوە، هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی منالێک ببێت بە ڕەگەزپەرست. بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە ئەوە بخەینە مێشکی تۆوە، کە ئەوانەی پێستیان سپییە بالاترن لەوانەی ڕەنگی پێستیان تاریکە و، تۆش ئەوە بە جددی وەربگریت، ئەوا ڕێی تێ دەچێت تۆ بە جۆرێکی ڕەگەزپەرستانە لە بەرانبەر پێستتاریکەکاندا ڕەفتار بکەیت.

ـ ئەوەی کە باڵاتر بیت، چ مانایەکی هەیە؟
ـ بۆ نموونە: ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ هەر لەبەرئەوەی سپییە، زیرەکترە لە کەسێک کە پێستی ڕەنگێکی تری هەیە، ئەوجا ئەو پێستە ڕەش بێت یان زەرد. کە لەشی مرۆڤەکان لە یەکتر جیاوازن و، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی لە یەکتر نەچن، بەو مانایە نییە کە ئێمە ناتوانین یەکسان بین.
ـ لەو باوەڕەدایت منیش بتوانم ببم بە ڕەگەزپەرست؟
ـ بێگومان دەتوانیت ببیت، ئەوە پێوەندی بەو جۆری پەروەردەیەوە هەیە، کە پێی گۆش دەکرێیت. باشترین شت ئەوەیە، کە ڕەگەزپەرستی بناسین و ئاگادار بین، نەبین بە ڕەگەزپەرست. بە واتایەکی تر: لەوە تێ بگەین کە هەر منداڵێک، هەر گەورەیەک، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانێت هەست بە ڕق بکات و ڕقی خۆی بەرانبەر کەسێک، کە هیچ خراپەیەکی بەرانبەر نەکردووە، نیشان بدات. هێندە نەبێت کە لەو ناچێت و جیاوازە. ئەمەش زووزوو ڕوو دەدات. ئێمە هەر یەکێکمان دەتوانین، ڕۆژێک لە ڕۆژان، نادۆستانە ڕەفتار بکەین و هەست بە نارەحەتی و بێزاری بکەین. ئەوکاتە بەرانبەر کەسێک کە نایناسین، ڕقمان هەڵدەستێت، لەو باوەڕەداین کە لەو باشترین، لە بەرانبەر ئەودا هەست دەکەین، یان باڵادەست یان بندەستین، نامانەوێت توخنی بکەوین، نامانەوێت ببێت بە دراوسێمان، لەوەش زیاتر نامانەوێت ببێت بە هاوڕێمان، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی ئەو کەسە لە ئێمە ناچێت و جیاوازە.
ـ لە ئێمە ناچێت؟
ـ لەیەکنەچوون، پێچەوانەی لەیەکچوونە. واتە: کەسێک کتومت وەکوو تۆ نەبێت. ئاساییترین لەیەکنەچوونیش،

لەیەکنەچوونی جنسییە. پیاوێک بە جۆرێکی جیاواز لە ژنێک هەست دەکات و بە پێچەوانەوە. بەڵام ئەگەر لێکنەچوون لەم جۆرەیان بێت، زۆربەی جاران، سەرنجڕاکێش و خۆشە.
لە بارێکی تردا، ئەوەی کە مرۆڤ بە "جیاواز" ناودێری دەکات، کەسێکە، کە ڕەنگی پێستی لە ڕەنگی پێستی ئێمە ناچێت، زمانێکی تر دەپەیڤێت جیاواز لەو زمانەی ئێمە قسەی پێ دەکەین، ئەو جۆرە خواردنە لێ نانێت کە ئێمە دەیخۆین، خوونەریتی لە هی ئێمە جیاوازە، لەسەر دینێکی ترە، بە شێوەیەکی تر دەژی و بە شێوەیەکی جیاواز لە ئێمە یادی جەژنەکانی دەکاتەوە. جیاوازییەک لە ڕەنگ و ڕووخساریدا هەیە ـ درێژیی لەش، ڕەنگی پێست، سەروسیما و شتی تری لەو جۆرە ـ هەروەها جیاوازە لەوەدا، کە چۆنە، چ بڕوایەکی هەیە و چۆن بیر دەکاتەوە.
ـ کەواتە ڕەگەزپەرست حەز لە زمان، جۆری خواردن و ئەو ڕەنگانە ناکات کە هی خۆی نین؟
ـ نا... بەو جۆرە نییە، ڕەگەزپەرستێک دەکرێت حەز بکات زمانی تر فێر بێت، چونکە لە کاروباری ڕۆژانەیدا پێویستی پێیەتی، یان هەر بۆ خۆشی و ڕابواردنی خۆی، بەڵام دەشکرێت لە هەمان کاتدا ڕقی لەو خەڵکە بێتەوە کە بەو زمانە قسە دەکەن. کتومت وەکوو ئەوەی کە ڕەگەزپەرستێک نەخوازێت ژوورێک بە خوێندکارێکی بیانی بە کرێ بدات، بۆ نموونە: بە ڤێتنامییەک، بەڵام بەوپەڕی دڵشادییەوە بچێت لە چێشتخانە ئاسیاییەکان نان بخوات. ڕەگەزپەرست ئەو کەسەیە کە پێی وایە ئەوەی لە شتەکانی خۆی ناچێت هەڕەشە لە هێمنی و ئاساییشی ئەو دەکات.
ـ ئایا ڕەگەزپەرستە، کە هەست بە ناهێمنی و هەڕەشە دەکات؟

ـ ئا، چونکە ئەو لە هەموو شتێک، کە لە خۆی نەچێت، دەترسێت. ڕەگەزپەرست کەسێکە کە بە دەست گرێیەکی دەروونییەوە ئازار دەچێژێت، ئەویش هەست بە خۆ بە بە زیاد یان بە کەمتر زانینە. ئەمەشی بە ئاسانی بۆ ناچێتە سەر، چونکە لە هەردوو بارەکەدا دڵ پڕ لە ڕق و کینە هەڵسوکەوت دەکات.

ـ دەترسێت؟

ـ مرۆڤ دەیەوێت هەست بە هێمنی و ئارامی بکات. حەزی لەو شتانە نییە، کە دەبن بە هۆی تێکدانی ئەو ئارامییەی پێی قایل و ڕازییە. حەز دەکات، لە بەرانبەر هەر شتێکی تازەدا، بەدگومان بێت. ئێمە، زۆربەی جاران، هەست بە ترس دەکەین لە بەرانبەر شتێکدا کە نایناسین. دەترسین کاتێک تاریک دادێت، چونکە، دوای ئەوەی گشت ڕووناکییەکان کوژاونەتەوە، ئەوە نابینین کە چی ڕوو دەدات. لە بەرانبەر ئەو شتەدا کە نایناسین هەست بە دەستەوەستانی دەکەین. هەموو مەترسییەک لە پێش خۆماندا دەبینین. بێ هیچ هۆیەک. بێ هیچ لێکدانەوەیەکی ژیرانە. هەندێک جار هیچ هۆیەک بۆ ئەو ترسە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەترسین. هیچ گرنگ نییە چۆن لەوە تێ دەگەین و لێکی دەدەینەوە، کەچی بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەین کە هەڕەشەیەکی گەورەمان ڕووبەڕوو ببێتەوە. ڕەگەزپەرستی شتێک نییە کە مرۆڤ بتوانێت ژیرانە گفتوگۆی لەسەر بکات.

ـ بابە، ئەگەر ڕەگەزپەرست کەسێک بێت کە ئەوەندە بترسێت، دەبێت ئەو پیاوەی ڕێبەرایەتیی ئەو پارتە دەکات، کە حەزی لە چارەی بیانییان نییە، هەمیشە بترسێت.[٢] لەگەڵ ئەوەشدا، هەر جارێک کە لە تەلەفیزیۆندا

دەردەکەوێت، منم کە دەترسێم! ئەو دەقیژێنێت، هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان دەکات و بە مێزەکەی بەردەمیدا دەکێشێت.
ـ ئا، بەڵام ئەو ڕێبەرە سیاسییەی تۆ لەبارەیەوە دەدوێیت، بە سیاسەتمەدارێکی تووڕەوتڕۆ ناسراوە. ڕەگەزپەرستییەکەی ئەو لە وشەگەلێکی پڕ لە زەبروزەنگدا خۆی دەردەبڕێت. بۆ ئەو خەڵکانەی کە پلەی خوێندەوارییان نزمە بەسەرهات و چیرۆکی بێ بنج و بنەوان و بێ سەروبەر دەگێڕێتەوە کە دەیانترسێنێت. ئەو ترس و بیمی خەڵک بە کار دەهێنێت، ترس و بیمێک، کە هەندێ جار خەڵکەکە لەڕاستیشدا هەستی پێ دەکەن. بۆ نموونە، ئەو دەڵێت: کە پەناهێنەکان بۆ ئەوە هاتوونەتە فەرەنسا کە دەست بەسەر کاروباری فەرەنسییەکاندا بگرن، بیمەی کۆمەڵایەتی و چارەسەری خۆڕایی لە خەستەخانەکاندا بە دەست بهێنن. ئەمە ڕاست نییە. چونکە پەناهێنەکان زۆربەی جاران ئەو کاروبارانە دەکەن، کە فەرەنسییەکان پێیان ڕازی نین و نایانەوێن. پەناهێنەکان، باج دەدەن و هەروەها ئەو خەرجییە کۆمەڵایەتییانەش دەدەن کە پێویستە لەسەریان بیاندەن، کەواتە: مافی ئەوەشیان هەیە، کاتێک نەخۆش دەکەون، چارەسەر بکرێن. ئەگەر سبەینێ گشت پەناهێنەکان لە فەرەنسا دەربکرێن، ئەم وڵاتە لە پەلوپۆ دەکەوێت.
ـ تێ دەگەم. ڕەگەزپەرست دەترسێت، ئەگەرچی هیچ هۆیەکی بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی بترسێت.
ـ ئەو لە هەر کەسێکی نامۆ، هەر شتێک کە لە نزیکەوە نەیناسێت، دەترسێت. بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە نامۆیە لە خۆی بێدەرامەت و هەژارتر بێت. ئەو زۆر زیاتر بە گومانەوە لە کرێکارێکی ئەفریقایی دەنواڕێت، وەکوو لە دەوڵەمەند و

پارەدارێکی ئەمریکایی. ئەوجا با باسی ئەوە هەر نەکەین کە میرێکی عەرەب کاتێک بۆ گەشتوگوزار و ڕابواردن دێت بۆ ڕیڤــیــێــرا، چۆن پێــشــوازیی لێ دەکــرێت و باوەشی بۆ دەکرێتەوە، چونکە ئەوەی بەو شێوەیە بەخێرهاتنی دەکرێت عەرەبێک نییە، بەڵکە پیاوێکی دەوڵەمەندە و بۆ ئەوە هاتووە ماڵ و سامانەکەی بە فیڕۆ بدات.

ـ وشەی نامۆ چی دەگەیەنێت؟

ـ وشەی "نامۆ" ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ نامۆیە، کە مرۆڤ لە جێگایەکی ترەوە، لە دەرەوە، هاتووە. نامۆ، کەسێکە کە سەر بە ئێمە نییە، خزموکەسی ئێمە نییە، لە خۆمان نییە. کەسێکە کە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتووە، وڵاتێک کە ڕەنگە دوور یان نزیک بێت لە ئێمەوە، هەندێ جاریش لە شارێکی ترەوە، یان لە دێیــــەکی ترەوە، هاتووە. هەر لەوەشـــەوە وشـــەی "دژایەتیکردنی بیـانیـیـان" کەوتۆتە نێو ناوانەوە، کەواتە: دژایەتیی هەر شتێک، هەر کەسێک، بکەیت کە بە تۆ نامۆ بێت. ئەمڕۆ وشەی "بیانی" بۆ شتێکی سەیروسەمەرەتر بە کار دەهێنرێت، شتێک کە زۆر جیاوازترە لەوەی ئێمە پێی ڕاهاتووین و دەتوانین لە دەوروبەری خۆماندا بیبینین. بە واتایەکی تر هەر شتێک، کە "ڕیزپەڕ" بێت.

ـ ئەی من بیانییەکم کاتێک کە دەچمە سەردانی هاوڕێیەکم لە نۆرماندی؟

ـ بێگومان بۆ خەڵکی ئەو دەوروبەرە تۆ بیانییت، چونکە تۆ لە پاریســەوە دەچێت و بێــجگە لەوەیش لە بنەچەوە خــەڵکی مــەغــریبــیت. دێتــەوە بیــرت کــە لــە ســەنیگال بووین؟ بۆ سەنیگالییەکان تۆ بیانی بوویت.

ـ بەڵام سەنیگالیــیەکان لە من نەدەترســان، منیش لەوان نەدەترسام!

ــ وایە، بەڵام زۆر پێش ئەوە من و دایکت بۆمـــــان باس کردبوویت کە لە غەریبان نەترسیت، بەبێ گوێدانە ئەوەی دەوڵەمەند یان هەژار بن، درێژ بن یان کورت، سپی یان ڕەش بن. ئەمەت لە بیر نەچێت! ئێمە هەمیشە بۆ کەسێک بیانیین، بە واتایەکی تر: ئێمە هەمیشە لە لایەن کەسێکەوە کە هەمان ئەسڵوفەسڵی ئێمەی نییە بە بیانی تەماشا دەکرێین.
ــ بابە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە تێ ناگەم بۆ ڕەگەزپەرستی، کەم و زۆر، لە هەموو جێیەک هەیە.
ــ لەو کـــۆمـــەڵگایانەدا کـــە لە زۆر کـــۆندا هەبوون، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئێمە بە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ناویان دەبەین، خەڵکی زۆرجاران وەکوو گیانلەبەران هەڵسوکەوتیان دەکرد. پشیلەیەک، پێش هەموو شتێک، ئەو جێیە دیار دەکات کە تێیدا دێت و دەچێت و بە جێی خۆی دەزانێت. ئەگەر پشـــیلەیەکی تر، یان هەر گـــیـــانلەبەرێکی تر، هەوڵ بدات خواردنەکەی بخوات، یان بیەوێت پەلاماری بەچکەکانی بدات، پشیلەکە لە جێیەکەی خۆیەوە هەوڵی پاراستنی خۆی و بەچکەکانی دەدات و چڕنووکەکانی دەخاتە کار. مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە. مرۆڤ دەیەوێت ماڵەکەی خۆی بە ئاشتی و ئاسایشی بهێڵێتەوە، دەیەوێت پارێزگاری لە زەوییەکەی بکات، دەیەوێت ئەو ماڵومولکەی هەیەتی و ئەوەی لە پێناویدا دەجەنگێت، بیهێڵێتەوە. ئەمەش شتێکی سەیر نییە. بەڵام ڕەگەزپەرستێک، پێی وایە کە بیانییەک ــ بێ گوێدانە ئەوەی ئەو بیانییە کێیە ــ هاتووە بۆ ئەوەی هەموو موڵکوماڵەکەی لە ژێر دەست دەربهێنێت. بۆیە هەمیشە لە پارێزدایە، بێ ئەوەی هیچ بیرێک بکاتەوە. گیانلەبەرێک، بەرلەوەی هێرشی بکرێتە سەر، هێرش ناکات. بەڵام مرۆڤ هەندێ جار لە بیانییەک

دەدات، بەبێ ئەوەی ئەو بیانییە هەر بیری لەوەش کردبێتەوە بچووکترین و بێنرخترین شتی لێ بدزێت.
ـ لە هەموو جێیەکیش هەر بەو شێوەیەیە؟
ـ نا، کەم تا زۆر، لە هەموو جێیەک بەو شێوەیەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە و بەردەوام بێت. مرۆڤ هەمیشە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کردووە. سروشت شتێکە و کولتووریش شتێکی تر. شتێک هەیە لە ناخەوە مرۆڤ هان دەدات بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات، بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، بێ هیچ زیرەکی و لێوردبوونەوەیەک. هەروەها جۆرێکی تریش لە هەڵسوکەوت هەیە، کە لە دوای بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە دەکرێت، جۆرێک لە هەڵسوکەت کە مرۆڤ لە گۆشکردن و پەروەردەکردنەوە، لە عەقڵ و قوتابخانەوە، فێری بووە. واتە: ئەوەی ئێمە بە "کولتوور" ناوی دەبەین، کە پێچەوانەی "سروشت"ە. لەڕێی کولتوورەوە فێر دەبین کە لەگەڵ یەکتریدا بین، بێجگە لەوەش فێر دەبین کە ئێمە تەنیا کەسانێک نین لە دنیادا، گەلانی تریش هەن کە خاوەنی خوو و نەریتی تایبەت بە خۆیانن، کە بە شێوەیەکی تر دەژین و هەمان نرخ و بەهای ئێمەیان هەیە.
ـ ئەگەر تۆ مەبەستت لە کولتوور ئەوەیە کە وەکوو پەروەردەکردن وایە، کەواتە ڕەگەزپەرستییش دەتوانێت ئەوە بهێنێتە ئاراوە کە مرۆڤ بتوانێت فێری ببێت...
ـ مرۆڤ بە ڕەگەزپەرستی لە دایک نابێت، دەبێت بە ڕەگەزپەرست. پەروەردەکردنیش باش و خراپی هەیە. پێوەندی بەوەوە هەیە کێ بە کاری پەروەردەکردن هەڵدەستێت، بێ گرنگیدان بەوەی کە ئەو پەروەردەکردنە لە فێرگە یان لە ماڵدا پێڕەو دەکرێت.

ـ کەواتە گیانلەبەرێک، کە پەروەردەش ناکرێت، دەتوانێت لە مرۆڤێک باشتر بێت!
ـ گیانلەباران پێشوەخت بڕیار لەسەر هیچ شتێک نادەن. بەڵام مرۆڤ کۆمەڵێک دید و ڕوانینی پێشوەخت بڕیارلەسەردراوی خۆی هەیە. بەرلەوەی کەسانی دیکە بناسێت، بڕیار لەسەریان دەدات. پێی وایە، کە پێشوەخت دەزانێت ئەو کەسانە کێن و چ بەها و نرخێکیان هەیە. زۆربەی جارانیش بە هەڵەدا دەچێت. ترس و بیمەکانیشی هەر لەوێوە سەرچاوە دەگرن. بۆ ئەوەش کە بەرەنگاری ئەو ترس و بیمانەی ببێتەوە، پەنا دەباتە بەر جەنگهەڵگیرساندن. ئەوەش بزانە، کاتێک کە دەڵێم مرۆڤ دەترسێت، پێت وا نەبێت کە لە ترساندا هەڵدەلەرزێت، بەپێچەوانەوە، ترسانەکەی تووڕەوتڕۆ و سەرشێتی دەکات و پەلامار دەدات. ڕەگەزپەرست تووڕەوتڕۆ و پەلاماردەرە.
ـ کەواتە ڕەگەزپەرستی دەبێت بە هۆی بەرپابوونی جەنگ؟
ـ لە هەندێ جاردا. هەمیشە کەسانێک هەن، دەیانەوێت ماڵ و سامانی خەڵکی دیکە بۆ خۆیان زەوت بکەن. هەندێک کەس ڕەگەزپەرستی، یان ئایین، بە کار دەهێنن بۆ ئەوەی وا لە خەڵکی بکەن ڕقیان لە یەکتر ببێتەوە، ئەگەرچی یەکتر ناناسن و بە یەکدی ئاشنا نین. هەمیشە ترسێک لە بەرانبەر ئەو شتانەدا هەیە کە بیانین، لە بەرانبەر ئەوەدا کە کەسێکی بیانی بێت و ماڵەکەم، ئیشەکەم یان خاووخێزانەکەم لە ژێر دەست دەربهێنێت. کەموکووڕی لە زانیاریشدا، ژیان بە ترس دەبەخشێت. من نازانم ئەو بیانییە کێیە، ئەویش نازانێت من کێم. بۆ نموونە: بیر لە دراوسێکانمان بکەرەوە. ئەوان تا درەنگانێکیش لە بەرانبەر ئێمەدا بەدگومان بوون، تا ئەو

ڕۆژەی بانگمـان کـردن بـۆ ئەوەی بێن و (کـوسکوس)[٣]مـان لەگـەڵدا بخـۆن. هەر ئەوسـاش بۆیان دەرکـەوت کـە ئێمـەش وەکـوو ئەوان دەژیین. چیتر ئێمـە لە چاوی ئەواندا ترسناک نەبووین، ئەگـەرچی ئێمـە خـەڵکی مـەغـریبین. کـاتێک بانگهێشتنمان کردن، بەدگومانییەکەیانمان ڕەواندەوە. لەگەڵ یەکتردا دواین و نەختێک لە یەکتری شارەزا بووین. پێکەوە پێکەنین. ئەمەش بەو مانایەیە ئێستاکە هاوڕێ و دراوسێی یەکـترین، بە پێـچـەوانـەی جـارانەوە کـە کـاتێک لەسـەر پلیکانەکان بە یەکتر دەگەیشتین، تەنیا سڵاوێکی ئاساییمان لە یەکتر دەکرد و هیچی تر.

ـ کـەواتە، ئەگـەر بمانەوێت لە دژی ڕەگـەزپەرسـتی بوەستینەوە، دەبێت میوانداریی یەکتری بکەین!

ـ ئەمە پێشنیازێکی چاکە. یەکترناسین، قسە لەگەڵ یەکتر کـردن و پێکەوە پێکەنین، هەوڵدان بۆ ئەوەی شـتـە خـۆش و خەمـڕەوێنەکان لەگەڵ یەکتردا بەش بکەین، هەروەها شـتـە دژوار و خـەمـهێنەرەکـانیش، نیشـاندانی ئەوەی کـە زۆربەی جـاران هەمان خـەم و پەژارەمـان هەیە و لە هەمـان شت ورد دەبینەوە، شتێکە کە دەتوانێت بەر بە ڕەگەزپەرستی بگرێت و بەسـەریدا زاڵ بێت. گـەشت و گـەڕانیش شـێوەیەکی ترە بۆ ناسین و ئاشـنابوون بەوانی دیکە. ناسین و ئاشـنابوون بە خـەڵکی دیکە، بۆ ئەوەی زیاتر خـۆمـان بناسین و بە خـۆمـان ئاشنا بین.

ـ ئایا ڕەگەزپەرستی هەمیشە لە ئارادا بووە؟

ـ ئا، بە درێژایی هەبوونی مرۆڤ، ڕەگـەزپەرستییش هەبووە، بەڵام بە شـێوە و شێوازی جـۆراوجۆر و هاوجـووت لەگەڵ ئەو سـەردەمەی کە مـرۆڤ تێیدا ژیاوە. لە کۆندا خـەڵک بە چەکی

سادە و سەرەتایی، بە کوتەک، بۆ پاراستنی جێورێی خۆیان، بۆ پارێزگاریکردن لە کوختەکەیان، بۆ زەوتکردنی ژنێک، بۆ بەدەستهێنانی بژێو و شتی لەو جۆرە، لەگەڵ یەکتردا دەجەنگێن. بەو جۆرە سنووری قەڵمڕەوەکانی خۆیان بە دیوار دەتەنی و چەکەکانیان تیژ دەکردەوە، چونکە لەوە دەترسان کە هێرش بکرێتە سەریان. تەنیا شتێک کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە خۆپاراستن و هەست بە دڵنیایی کردنی خۆیەتی، ئەمەش وا دەکات کە جارنا لە دراوسێیەکی، لەو کەسەی بەو نامۆیە، بترسێت.

ـ ئایا ڕەگەزپەرستی و جەنگ هەمان شتن؟

ـ هەڵگیرسان و بەرپابوونی جەنگ دەتوانێت چەندین هۆی هەبێت، زۆربەی جارانیش پێوەندی بە ماڵ و سامانەوە هەیە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک جەنگ لە ئەنجامی ئەوەدا بەرپا دەبێت کە گرۆیەک پێی وایە لە گرۆیەکی تر شایستەتر و بالادەستترە. ئێمە دەتوانین لە ڕێگای عەقڵ و پەروەردەکردنەوە خۆ لەم جۆرە تێڕوانینە ڕزگار بکەین. بۆ ئەوەی بەو ڕزگارییەش بگەین، دەبێت مرۆڤ بڕیار بدات کە چی تر لە دراوسێیەکەی و لە بیانییان نەترسێت و سڵیان لێ نەکاتەوە.

ـ کەواتە دەتوانین چی بکەین؟

ـ دەتوانین خۆمان فێر بکەین. زانیاریی زیاتر بە دەست بهێنین. بیر لە کار و کردەوەکانمان بکەینەوە. هەوڵ بدەین تێ بگەین و بە سەرنج و تێڕامانەوە لەو شتانە ورد ببینەوە کە پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، هەوڵ بدەین لەو هۆکارانە بگەین کە هاندەرن بۆ ئەوەی مرۆڤێک...

ـ هاندەر، مەبەستت لە هۆکاری هاندەر چییە؟

ـ هۆکارە هاندەرەکان ئەوانەن کە پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بە ڕێ بکەوێت. نێوەڕۆکی ئەمەش لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ "دەرپەڕاندن" ـ ڕاونان و دەرپەڕاندنی دوژمنەکانت ـ. واتە: ڕاونان و بەدواکەوتنی کەسێک. دەرپەڕاندنی کەسێکیش، کتومت ڕقلێبوونەوە لەو کەسە دەگەیەنێت. ئەمەش هەستێکە کە کەس نایەوێت تووشی ببێت.
ـ ئایا کە کەسێک بیەوێت بیانییەک، هەر لەبەرئەوەی ڕقی لێی دەبێتەوە، دەرپەڕێنێت، ڕەگەزپەرستە؟
ـ ئا، چونکە ئەگەرچی ئەو کەسە هەست بە هیچ هەڕەشە و ترسێک لەسەر ژیانی ناکات، بیانییەک ڕاو دەنێت و دەیەوێت ولاتبەدەری بکات، هەر تەنیا لەبەرئەوەی حەزی لە چارەی نییە. بۆ ئەوەی خۆی بە ڕەوا بناسێت و پاساوی کار و کردەوەکانی خۆیشی بداتەوە، ئەو هۆکارانە دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ خۆیدا دەگونجێن. هەندێ جار پەنا دەباتە بەر زانست، بەلام زانست قەت ڕەگەزپەرستیی بە ڕەوا نەناسیوە. ئەو لەو بڕوایەدایە: زانست دەتوانێت هەر شتێک بڵێت، چونکە پێی وایە کە زانست دەتوانێت بەڵگەی وا بهێنێتەوە کە هیچ کەس نەتوانێت لە ڕوویدا بە دەنگ بێت و بەرەنگاری ببێتەوە. ڕەگەزپەرستی هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، ئەگەرچی کەسانێک هەن هەوڵ دەدەن هۆکاری زانستییانە بە کار بهێنن بۆ ئەوەی جێوڕێ بۆ بیر و بۆچوونەکانیان لەبارەی بە نزمی تێڕوانین و بێبەهاکردنەوە خۆش بکەن.
ـ مەبەستت لە بە نزمی تێڕوانین چییە؟
ـ بە نزمی تێڕوانین و بێبەهاکردن ئەوەیە کە گرۆیەک، لە ڕێگای ئەوەوە کە بە شێوەیەکی نزمتر مامەڵەی لەگەڵدا

بکەیت، لە گرۆیەکی دیکە جیا بکەیتەوە. وەکوو ئەوەی، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەتان بڕیاری ئەوەی دابێت خوێندکارە ڕەشپێستەکان لە پۆلێکدا کۆ بکاتەوە، چونکە پێی وابووە ئەوان هێندەی قوتابییەکانی تر زیرەک و بائەقڵ نین. خۆشبەختانە، ئەم جۆرە هەڵاواردن و بێبەهاکردنە لە قوتابخانەکانی فەرەنسادا نییە. بەڵام لە قوتابخانەکانی ئەمریکا و خوارووی ئەفریقادا هەیە. کاتێک مرۆڤ گرۆیەک ناچار دەکات دوورەپەرێز و لاتەریک لە گرۆیەکانی تر بژی، شتێک دەهێنێتە ئاراوە کە پێی دەوترێت: (گێتوو).

ـ (گێتوو) جۆرێکە لە زیندان؟

ـ وشەی "گێتوو" ناوی گەڕەکێکە لە شاری ڤێنیسیا لە ئیتاليا. ساڵی ١٥١٦ جوولەکەکانی ڤێنیسیایان ڕەوانەی ئەو گەڕەکە کرد و لە خەڵکی شارەکەیان هەڵاواردن تا لەوێدا بۆ خۆیان و دوورەپەرێز لە خەڵکی شارەکە ژیان بەسەر بەرن. گێتوو، جۆرێکە لە زیندان. بەهەمەحاڵ ئەمەش جۆرێکە لە بێبەهاکردن و بە نزمی تێڕوانین.

ـ چ بەڵگەیەکی زانستی هەیە بۆ ئەوەی کە کەسێک ڕەگەزپەرستە؟

ـ هیچ بەڵگەیەک نییە، بەڵام ڕەگەزپەرستێک پێی وایە و بە خۆی ڕەوا دەبینێت کە بیانییەک سەر بە ڕەگەزێکی ترە، ڕەگەزێک کە ئەو پێی وایە لە ڕەگەزەکەی خۆی بندەست و بێبەهاترە. بەڵام لەوەدا بە هەڵەدا چووە و بەتەواوی شوێنەون بووە، چونکە تەنیا یەک ڕەگەز هەیە ـ بە جیا لە گیانلەبەران ـ ئەویش ڕەگەزی مرۆڤە. لەنێو گیانلەبەراندا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر. سەگ هەیە و گایش هەیە. لەنێو سەگاندا جیاوازییەکان هێندە

بەرچاون کە بەئاسانی (شێفەر)ێک لە (تاکس)ێک جیا دەکەیتەوە، کەواتە مرۆڤ دەتوانێت جۆرەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە. ئەمە لەنێو مرۆڤاندا ناکرێت، چونکە هەر مرۆڤێک لەوی دیکە دەچێت.
ـ بەڵام، بابە، خەڵک دەڵێن: کەسێک سپیپێستە، کەسێکی تر ڕەشپێست و، کەسێکی دیکە پێستی زەردە، ئەمە لە قوتابخانە دەبیستین. لەم ڕۆژانەدا مامۆستاکەمان وتی: عەبدو، کە خەڵکی (مالی)یە، سەر بە ڕەگەزی پێستڕەشانە.
ـ ئەگەر مامۆستاکەت وای وتبێت، بە هەڵەدا چووە ـ ببوورە، دەزانم مامۆستاکەتت خۆش دەوێت ـ بەڵام بە هەڵەدا چووە و لەو بڕوایەشدام بۆ خۆیشی لەوە بێئاگایە. گوێ بگرە، کچە شیرینەکەم، مریەم: هیچ ڕەگەزێکی مرۆڤی هەبوونی نییە. تەنیا یەک بەرەبابی مرۆیی هەیە و لەنێو ئەویشدا ژن و پیاوان هەن، ڕەنگ، درێژی و توانا و لێهاتووییان، لە یەکتر جیاوازە. هەروەهاش لەنێو گیانلەبەراندا ڕەگەزی جیاواز هەن. وشەی "ڕەگەز" دەبوو بۆ ئەوە بە کار نەهێنرایە کە مرۆڤەکان لە یەکتری جودان. هیچ بنەمایەکی زانستی بۆ وشەی "ڕەگەز" لە ئارادا نییە. ئەم وشەیە بۆ ئەوە بە کار هێنراوە زێدەڕۆیی بە جیاوازییە دیار و ئاشکراکانەوە، بە واتایەکی دیکە: جیاوازییە فیزیکییەکانەوە، بکرێت. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لە جیاوازییە فیزیکییەکانەوە ـ ڕەنگی پێست، درێژی و سەروسیما ـ ڕێ هەڵگرێت بۆ ئەوەی یەکێک لە یەکێکی دیکە جیا بکاتەوە، یان بە مانایەکی تر لەو باوەڕەدا بێت کە کەسانێک هەن لە سەروو کەسانێکی دیکەوەن و لەوان باڵادەستترن. کەس مافی ئەوەی نییە پێی وا بێت، بەر لە هەر شتێکی دیکەش ناوی ئەوە بهێنێت، کە هەر

لەبەر ئەوەی مـرۆڤێک سـپـییـە بەو مـانـایەیە کە لە کـەسـێکی ڕەنگپێست باڵادەستترە. هیوادارم تۆش چیتر وشـەی "ڕەگەز" بە کـار نـەهێنیت. ئـەو وشـەیە هێنـدە لە لایەن نەفـامـانەوە بە خـراپی بە کـار هێنراوە، چاکـترە سـووک و هـاسـان بگۆڕدرێت بە "مـرۆڤ". بە مـانایەکی دیکە: یـانی گشت مـرۆڤـەکان، کـە ژمارەیان یەکجار زۆرە و زۆر لە یەکدیش جیاوازن. بەڵام ئێمە هەمـوومان، پیـاوان و ژنـانی سـەر ئەم زەمینـە هەمان خـوێن لە دەمـارەکـانماندا هەیە، ئەگەرچی پاشـان ڕەنگی پێـسـتـمـان، پەمـەیی، سـپی، ڕەش، قـاوەیی تۆخ و زەرد یان هـەر ڕەنگێکی دیکەیە.

ـ بۆ ئەفریقاییەکان ڕەشپێست و ئەوروپاییەکان سپیپێستن؟

ـ ڕەنگی پێست چۆن دەردەکەوێت، پێوەندی بەو پێکهاتەیەوە هەیە کـە ڕەنـگی پێـسـتـەکـە دیاریی دەکـات و پێـی دەوترێت: مێلانین. ئەم پێکهاتەیە شتێکە کە لە هەمـوو مرۆڤێکدا هەیە. بەڵام پێـــســـتـی ئـەفــریـقــاییــەکــان لەچاو ئەوروپایـی و ئاسیاییەکاندا، ڕێژەیەکی زیاتر لەو پێکهاتەیە دەردەدات.

ـ کەواتە عەبدوی هاوڕێم ڕێژەیەکی زیاتر دەردەدات لەو...

ـ (مێلانین)ـە.

ـ کـەواتە ئەو لـە من زیاتر مـێـلانین دەردەدات. ئەوەش دەزانم کـە ڕەنگی خـوێنی ئێمـە، هەمـوومـان، سـوورە، بەڵام کـە دایکم پێـویسـتی بـە خـوێن بوو، دۆکـتـۆر وتـی: گـرۆی خــوێنـی تۆ جیاوازە.

ـ ئا، گـرۆی خـوێن جیـاوازن. (A)، (B)، (O)، و گـرۆی (AB) هـەن. گـرۆخـوێنی (O) دەتوانێت خـوێن بـە هـەمـوو گـرۆیەکـانی دیکە بدات. گـرۆخوێنی (AB) دەتوانێت لە هـەمـوو گـرۆیەکـانی دیکە وەربگرێت. ئـەمـەش هـیـچ پێوەندی بەوەوە نییـە کێ لە کێ

باشتر، یان خراپتره. جیاوازییەکان لەنێو کولتووردان، لە زمـــاندان، لە خـــوو و نەریت و جـــۆری هەڵســـوکـــەوت و ڕەفتارەکاندان، لە جۆری چێشتلێنان و شتی لەو جۆرەدان.
(تام)، کە دایکت دەیناسێت، ئەگەرچی خەڵکی ڤێتنامیشە، خوێنی دا بە دایکت و دایکیشت خەڵکی مەغریبە. ئەوان هەمان گرۆخوێنیان هەیە. ئەگەرچی لە دوو جۆر کولتووری جیاوازەوە هاتوون و ڕەنگی پێستیشیان وەکوو یەک نییە.
ــ یانی ئەگەر هاوڕێی پۆلەکەم، عەبدو، ڕۆژێک پێویستی بە خوێن بێت، دەتوانێت لە منی وەربگرێت؟
ــ بێگومان! ئەگەر یەک گرۆخوێنتان هەبێت.
ــ ڕەگەزپەرست چییە؟
ــ ڕەگەزپەرست ئەو کەسەیە بەو بیانووەی کە ئەو هەمان ڕەنگی پێـــســـتی نیـــیـــە، هەمـــان زمـــان ناپەیڤـێت و یادی جەژنەکانی بە هەمان شێوە ناکاتەوە، کە کەسێکی دیکە دەیانکات، پێی وایە لەو کەسە باشتر و باڵادەستترە. ئەو جەخت لەسەر ئەو باوەڕە دەکات، کە چەند ڕەگەزێک هەن و خۆی بەوە قایل دەکات کە: "من وەکوو ڕەگەز جوان و ئەوانی دیکە ناشیرینن و لە حەیوان دەچن."
ــ ئەی هیچ ڕەگەز نییە، کە لە ڕەگەزێکی دیکە باشتر بێت؟
ــ نەء... لە چەرخی حـــەڤـــدە و هەژدەدا بەشـــێک لە مێژوونووسان هەوڵیان دا ئەوە نیشان بدەن ــ چونکە پێیان وا بوو ــ کە لە کۆندا ڕەگەزێکی سپی هەبووە هەم بەهێزتر بووە و هەم لە بیرکردنەوەشدا لە ڕەگەزێکی ڕەش باشتر بووە. ئەوکاتە خەڵکی پێیان وا بووە کە مرۆڤایەتی بەسەر چەند ڕەگەزێکی وێکنەچوو و جیاجیادا دابەش بووە. تەنانەت مێژوونووسێک ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە کام لە گرۆ

مرۆڤییەکان سەر بە "ڕەگەزی تەپەسەر و بندەست" بوون: ڕەشپێستەکانی ئەفریقا، هاووڵاتییە ئەسڵییەکانی کیشوەرێک لە کیشوەرەکان، ئەبۆرجینەکان لە ئوسترالیا و هیندە سوورەکانی ئەمریکا. ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە: "ڕەشپێستێک بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤێکدا وەکوو کەرێک بووە بە بەراورد لەگەڵ ئەسپێکدا"، بە مانایەکی دیکە: "سەروسیمایەکی هەم کەرۆکە و هەم ناشیرین!" بەڵام پرۆفیسۆرێکی دەرمانسازی، کە شارەزایەکی تەواوە لە خوێنناسیدا، دەڵێت: "لە دنیای گیانلەبەراندا، ڕەگەزە ناتێکەڵ و خالیسەکان تەنیا وەکوو کەرەسەیەک بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە بوونیان هەیە، واتە: تەنیا لە لابۆرەکاندا، بۆ نموونە: وەکوو مشک." هەروەها دەڵێت: "جیاوازییە سۆسیۆکولتوورییەکان لەنێوان چینییەک، هاووڵاتییەکی خەڵکی مالی و فەرەنسییەکدا زۆرترن لە جیاوازییە جەنەتیکییەکان."

ـ مەبەست لە جیاوازییە سۆسیۆکولتوورییەکان چییە؟

ـ جیاوازییە سۆسیۆکولتوورییەکان ئەو جیاوازییانەن، کە گرۆیەک لە مرۆڤان، لە ڕووی چۆنیەتیی ژیانەوە لە کۆمەڵگایەکدا، لە گرۆیەکی تر جیا دەکەنەوە ـ بیرت نەچێت کە هەر گرۆیەک لە مرۆڤان، خودانی خوو و نەریت و هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆیانن ـ، هەروەها لە ڕووی ئەفراندنی کولتووریشەوە ـ مۆسیقای ئەفریقایی هەمان ئاوازی مۆسیقای ئەوروپایی نییە ـ. کولتووری یەکێک لە کولتووری ئەوی دیکە ناچێت. بە هەمان شێوەش، چۆنیەتیی ژنهێنان و شووکردن و یادکردنەوەی جەژن و بۆنە و یادە خۆشەکان.

ـ ئەی جیاوازییە جەنەتیکییەکان، چین؟
ـ وشەی "جەنەتیکی" دەگەڕێتەوە بۆ جینەکان، واتە: ئەو پێکهاتە مادییەی کە بۆماوەکانی[٤] نێو لەشمانی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە. جینێک ئەو شتەیە کە بۆماوەیەکی لەش دەپارێزێت و بەردەوامیی پێ دەدات. دەزانیت میرات و بۆماوەکان چین؟ ئەو شتانەن کە لەڕێی دایکوباوکانەوە بۆ منداڵەکانیان دەمێننەوە: لە ڕووی پێکهاتەی لەشەوە، یانی هەموو خەسڵەتێکی فیزیکی، و لە ڕووی ئەوەشەوە کە چۆنیت، هەموو خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی. بۆماوەکان وێکچوونە فیزیکییەکان و بەشێک لەو خەسڵەتە تایبەتانە ڕوون دەکەنەوە، کە پێوەندییان بە کەسایەتیی مرۆڤێکەوە هەیە و لە دایکوباوکانەوە بۆ نەوەکانیان دەمێننەوە.
ـ کەواتە زیاتر جۆری پەروەردەکردنمانە، نەک جینەکان، کە وا دەکەن ئێمە لە یەکتر جیاواز بین؟
ـ هەر چۆنێک بێت، ئێمە لە یەکتر جیاوازین و لێک ناچین. تەنیا ئەوەیە کە کەسانێک لە ئێمە لە هەندێک لەو بۆماوانەدا، کە کەسایەتییان دیاری دەکات، هاوبەشن. زۆربەی جاران ئەو کەسانە ئەوە هەڵدەبژێرن کە پێکەوە بژین و گرۆیەک لە خەڵک پێک دەهێنن کە لە ڕووی چۆنیەتیی ژیانەوە لە گرۆیەکانی دیکە جیاوازن. زۆر گرۆی مرۆڤان هەن کە بە هۆی ڕەنگی پێستیانەوە، بە هۆی مووی لەشیانەوە، بە هۆی جیاوازیی سەروسیمایانەوە، بەڵام هەروەهاش بە هۆی کولتووری تایبەت بە خۆیانەوە، لە گرۆ مرۆڤییەکانی تر جیاوازن. کاتێکیش ئەو گرۆ جیاوازانە تێکەڵ بە یەکتر دەبن ــ بە هۆی ژنهێنان و شووکردنەوە ــ ئەو منداڵانە دەخەنەوە کە بە (مێستیس)ەکان ناو دەبرێن ــ تێکەڵەیەک لە کولتوور و

ئەندامی بۆماوەی وێکنەچووـ. زۆربەی جارانیش (مێستیس)ەکان جوانن. هەر ئەو تێکەڵەیەشە وا دەکات کە هێندە جوان و ژیکەڵە بن. تێکەڵبوونی جۆرە وێکنەچووەکان خۆپاراستنێکی چاکە لە بەرانبەر ڕەگەزپەرستیدا.
ـ ئەگەر ئێمە هێندە لە یەکتر جیاواز بین، کەواتە هیچ شێکی وێکچوومان لەگەڵ یەکدیدا نییە...
ـ هەر مرۆڤێک بۆ خۆی دانسقەیە. لە سەرانسەری دنیادا دوو مرۆڤ نین، کە لە هەموو ڕوویەکەوە، لە یەکتری بچن. تەنانەت جمکە یەکهێلکەییەکانیش لە یەکتر ناچن. خەسڵەتی هەرە دیاری مرۆڤ ئەوەیە کە خۆیەتی. بێگومان دەتوانیت کەسێک کە کارێکی دیاریکراو دەکات بە کەسێکی دیکە بگۆڕیت، بەڵام خوڵقاندنەوەی کەسایەتیی تایبەتی مرۆڤێک مەحاڵە. هەر یەک لە ئێمە دەتوانێت بڵێت: "من وەکوو ئەوانی دیکە نیم" و هەقیشیەتی. وتنی: "من دانسقەم" بە مانای "من باشترینم" نییە. ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە هەر مرۆڤێک لە جۆری خۆیدا تاک و تەنیایە. یانی هەر سەروسیمایەک پەرجوو (موعجیزە)یەکە، شتێکی دانسقەیە کە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت لاسایی بکاتەوە.
ـ منیش؟
ـ بێگومان تۆش. تۆ تۆیت، کتومت چۆن عەبدو عەبدوە و (سێلین)یش (سێلین)ە. لە هیچ جێگایەکی ئەم سەرزەمینەدا دوو جێپەنجەی وەکوو یەک نییە. هەر پەنجەیەک، جێپەنجەی تایبەتی خۆی هەیە. هەربۆیە ئەو فیلمانەی لەبارەی دۆزینەوەی تاوانکارانەوەن، بەوە دەست پێ دەکەن کە ئەو جێپەنجانە دیاری بکەن، کە لەسەر شتومەک بەجێ هێڵراون تا لەو ڕێیەوە ئەو کەسانە بناسنەوە کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکەدا لەو جێیەدا بوون، کە تاوانەکە تێیدا ڕووی داوە.

ـ بەڵام بابە، لەم ڕۆژانەدا لە تەلەڤیزیۆندا فیلمێکم لەسەر بەرخێک بینی، کە دوو دانەی کتومت وەکوو یەکیان لێ دروست کردبوو!
ـ ئەوەی تۆ ئێستا باسی دەکەیت ئەوەیە کە بە "لەبەرگرتنەوە" ناو دەبرێت، یانی بەرهەمهێنانەوەی شتێک چەند جار بخوازیت. ئەوە دەتوانرێت لەگەڵ شتومەکدا بکرێت. شتومەک بە مەکینە بەرهەم دەهێنرێت و دەتوانێت هەمان شتومەک چەند جاران بەرهەم بهێنێتەوە و گشت جارەکانیش لە یەک بچن. بەڵام دەبوو ئەوە لەگەڵ گیانلەبەر و، بەتایبەتیش لەگەڵ مرۆڤدا نەکرایە.
ـ منیش هەر لەو بڕوایەدام، یەک (سێلین) لە پۆلەکەماندا بەسە و لەو زیاترم ناوێت.
ـ دەزانی ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە مرۆڤ بخولقێنێتەوە، وەکوو چۆن دەتوانێت فۆتۆکۆپی بکات، ئەوسا دەیتوانی دەست بەسەر دنیادا بگرێت، چونکە دەیتوانی هەندێک لە مرۆڤان بێشومار زیاد بکات و وا لە هەندێکیش بکات لە گۆڕێ نەمێنن. ئەگەر وا بووایە زۆر خەتەرناک دەبوو.
ـ ئەوە دەمترسێنێت... من تەنانەت نامەوێت کۆپییەی باشترین هاوڕێی خۆیشم هەبێت!
ـ بێجگە لەوەش، ئەگەر خەڵک ڕێی بە "لەبەرگرتنەوە" بدایە، هیچ دوور نەبوو نەگریس و پیاوخراپان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بە کاریان بهێنایە، بۆ نموونە: بۆ ئەوەی دەستەڵات بگرنە دەست و هەموو بندەست و بێدەسەڵاتان لەناو بەرن. ئێستا، خۆشبەختانە، ڕەوش بە جۆرێکە کە هەر مرۆڤە و بۆ خۆی دانسقەیە و ناتوانرێت کۆپییەکی کتومت وێکچووی وەکوو ئەو بکەیت. چونکە من کتومت وەکوو

دراوسێیەکم، یان وەکوو برا جمکەکەم نیم و، چونکە ئێمە هەمووماں لە یەکتر جیاوازین لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین: "ئێمە بەتایبەت لەبەرئەوەی لە یەک ناچین، دەوڵەمەندین."
ـ ئەگەر باش لێت حاڵی بووبم، ئەوا ڕەگەزپەرست بۆیە لە بیانی دەترسێت، چونکە نازانێت چۆنە و سەری لێ شێواوە، چونکە پێی وایە چەند ڕەگەزێک هەن و ڕەگەزەکەی ئەویش باشترینی ئەو ڕەگەزانەیە؟
ـ هەر وایشە. بەڵام ئەمە هەمووی نییە. تۆ زەبروزەنگ و خواستی بەزۆرخۆسەپاندن بەسەر خەڵکانی دیکەتدا لە بیر کردووە.
ـ ڕەگەزپەرستێک ئەو کەسەیە شوێنەون بووە و بە هەڵەدا چووە.
ـ ڕەگەزپەرستان تەواو دڵنیان لەوەی کە سەر بە گرۆیەکن ـ گرۆیەک دەتوانرێت بە وشەکانی وەکوو ئایین، نەتەوە، زمان و یان گشتیان پێکەوە ـ وەسف بکرێت، کە بەنرخترە لەو گرۆیەی لە بەردەمی خۆیاندا دەیبینن.
ـ چۆن دەکەن بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە بەنرخترن؟
ـ ئەوان لەو بڕوایەدان و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جیاوازیی سروشتی، لە جۆری سروشتی فیزیکی، هەیە. واتە: جۆرێک کە لە یەکەم تێڕوانیندا دەردەکەوێت. یان لەو بڕوایەدان کە ئەو جیاوازییە پێوەندی بە جیاوازیی کولتوورییەوە هەیە و، ئەمەش وا دەکات کە هەست بەوە بکەن کە لە گرۆیەکانی تر بەنرخترن. هەندێک لەوان پەنا دەبەنە بەر ئایین بۆ ئەوەی پاساوی ڕەفتار و هەستەکانی خۆیانی پێ بدەنەوە و بە ڕەوا بیانناسێنن. هەندێک هەن پێیان وایە، کە ئایینەکەی ئەوان بۆ هەمووان باشترین ئایینە و ئەوانەی شوێن ئەو ئایینە ناکەون ڕێگایەکی چەوتیان گرتووە.

ـ مەبەستت لەوەیە کە ئایینە جیاوازەکان ڕەگەزپەرستانەن؟
ـ بە هیچ جۆرێک مەبەست ئەوە نییە، ئەوە ئایینە جیاوازەکان نین، کە ڕەگەزپەرستانەن. بەڵام خەڵکی زۆرجاران ئایینەکان بۆ نیاز و مەرامی ڕەگەزپەرستانە بە کار دەهێنن.ساڵی ١٠٩٥ پاپا ئوربانی دووەم لە کۆبوونەوەی کڵێساکاندا لە (کلێرمۆنت ـ فێرناند) دەستپێشکەریی کرد بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دژی موسوڵمانەکان، کە بە بێباوەڕان دانران. بە هەزاران لە خاچهەڵگران بەرەو خۆرهەڵاتی ناوین بە کێش کران بۆ قڕکردن و لەناوبردنی عەرەب و تورکان. ئەم جەنگە، بە ناوی خواوە، بە جەنگی "خاچپەرستان" ناو برا. ـ خاچ هێمای خاچهەڵگرانە، بە پێچەوانەی هیلالەوە کە هێمای موسوڵمانانە ـ.
خاچهەڵگران، لە چەرخی یانزەوە تا سەرەتای چەرخی پانزە، موسوڵمان و جووەکانی ئیسپانیایان بە بیانووی جیاوازیی ئایینیەوە لە ئیسپانیا وڵات بەدەر دەکرد.
بۆیە کەسانێک هەن، کە بە پاڵپشتیی کتێبە پیرۆزەکان، هەوڵ دەدەن بانگەشەی ئەوە بکەن لە کەسانی دیکە باشترن. شەڕوشۆڕی ئایینیش شتێکی نائاسایی نییە.
ـ تۆ وتووتە کە قورئان دژی ڕەگەزپەرستییە.
ـ ئا، قورئان و تەورات و ئینجلیش، گشت ئەم کتێبە پیرۆزانە، دژی ڕەگەزپەرستین. قورئان دەڵێت کە هەموو مرۆڤان لە بەردەمی خودادا چونیەکن و لە چۆنیەتیی باوەڕیاندا لە یەکدی جیاوازن. لە تەوراتدا نووسراوە: "نابێت ناهەقی بە بیانییەک بکەیت و بیچەوسێنیتەوە." ئینجیل جەخت لەسەر ڕێزگرتنی ئەوی تر دەکات، بە واتایەکی تر: ڕێزگرتنی هەر مرۆڤێکی دیکە، ئەوجا ئەو مرۆڤە

دراوسێیەکەت، خوشکت یان بیانییەک بێت. لە ئینجیلی نوێشدا نووسراوە: "بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بووێت." و "ئەوی ترت وەکوو خۆت خۆش بووێت."
هەموو ئایینێک ئاشتی لەنێو گشت مرۆڤاندا ڕادەگەیەنێت.
ـ بەڵام ئەی ئەگەر کەسێک باوەڕی بە خوا نەبێت؟ ئەمە دەڵێم چونکە هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ لەڕاستیدا بەهەشت و دۆزەخ هەیە یان نا...
ـ ئەگەر کەسێک باوەڕی بە خوا نەبێت، بە بەدگومانییەوە و، جارنا بەتەواوی بەدگومانییەوە، لە لایەن ئەو کەسانەوە تەماشا دەکرێت کە بڕوایان بە خوا هەیە، هەندێک لەوانیش، کە زۆر کارامە و وریان و شایانی ڕێزلێگرتنن، بە چاوی دوژمنایەتییەوە لە بێباوەڕان دەڕوانن.
ـ هەراوزەنای چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، کە لە تەلەفیزیۆنەوە نیشان درا، لە لایەن یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکانەوە درایە پاڵ ئیسلام و موسوڵمانانی پێ گوناهبار کرا. تۆ پێت وایە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕەگەزپەرست بوو؟
ـ نا، ئەو ڕەگەزپەرست نییە، بەڵام هەر هێندەیە کە زۆر شارەزایی نییە. ئەو ڕۆژنامەنووسە سیاسەت و ئیسلامی تێکەڵ کرد. ئەوە سیاسەتمەدارانن، کە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا، ئیسلام بە کار دەهێنن. ئەوانە بە ئیسلامیستەکان ناو دەبرێن. واتە: ئیسلامیستە دەمارگیرەکان.
ـ ئەوانە ڕەگەزپەرستن؟
ـ ئیسلامیستەکان، دەمارگیرن. دەمارگیر، یەکێکە کە لەو بڕوایەدایە خۆی خودانی حەقیقەتە. حەقیقەت بە هەموو مانایەکی وشەکە. دەمارگیری و ئایین، زۆرجاران، دەست

لەنێو دەستی یەکدین. لەنێو هەموو ئایینێکدا دەمارگیرەکان هەن. ئەوان پێیان وایە کە بەهرەیەکی خودایی ڕێبەرێتییان دەکات. ئەوانە ڕێهەڵەکردوون و بەر شەوارەی باوەڕەکەی خۆیان کەوتوون و دەیانەوێت گشت کەسێکی تر ناچار بکەن کە باوەڕ بە هەمان شت بهێنن، کە بۆ خۆیان باوەڕیان پێیەتی. ئەوانە ترسناکن، چونکە هیچ ڕێز و ئاگایەکیان لە ژیانی خەڵکانی دیکە نییە. لای ئەوان، ژیانی خەڵکانی دیکە هیچ نرخێکی نییە. بە ناوی خواکەیانەوە ئامادەن بکوژن و تەنانەت خۆ بە کوشتیش بدەن. زۆربەیان لە لایەن ڕێبەرێکەوە فریو دەدرێن. ئەوانە بێ هیچ بێنەوبەردەیەک ڕەگەزپەرستن.

ــ وەکوو ئەوانە وان کە دەنگ بۆ (لۆپێن)[٥] دەدەن؟

ــ (لۆپێن) ڕێبەرایەتیی پارتێک دەکات، بەرەی نەتەوەیی، کە لەسەر بنجی ڕەگەزپەرستی هەڵچنراوە، واتە: لەسەر ڕەگوڕیشەی ڕقەبەرایەتیکردنی بیانییان، دژایەتیکردنی پەناهێنەران، ڕقەبەرایەتیکردنی موسوڵمانان و دژایەتیکردنی جوولەکەکان و هەروەها.

ــ یانی پارتی ڕق و کینەیە!

ــ ئا. بەڵام ڕەنگە گشت ئەوانەی دەنگ بە (لۆپێن) دەدەن، ڕەگەزپەرست نەبن... هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە... چونکە ئەگەر وا نەبێت، دەبێت چوار ملیۆن ڕەگەزپەرست لە فەرەنسادا هەبن! ئەمە ژمارەیەکی زۆرە! ئەمانە فریو دەدرێن. یان ئەوەیە کە نایانەوێت ئەوە ببینن کە لە واقیعدا چۆنە. هەندێ کەس دەنگ بە (لۆپێن) دەدەن، چونکە ڕیسەکەیان لێ بووەتەوە بە خوری و خۆشیان نازانن چی بکەن. بەڵام پەنا بۆ شێوازێکی هەڵە دەبەن.

ــ بابە، چی بکەین بۆ ئەوەی خەڵک دەست لە ڕەگەزپەرستی بەردا و لێی دوور بکەوێتەوە؟

ــ دەبێت بەرچاوی خـــۆمـــــان ڕووناک بکەینەوە و دوورتر بڕوانین. زۆر ئاسانترە وا لە خەڵک بکەیت فێری ڕق و کینە بن، وەکوو لەوەی فێری خۆشەویستییان بکەیت. زۆر ئاسانترە یەکێک کە نایناسیت خۆشت نەوێت و بەدگومان بیت بەرانبەری، لەبری ئەوەی خۆشت بووێت. ئەمە وەکوو ئەو هۆکارە هاندەرە وایە کە پێشتر باسمان کرد، ئەو هۆکارە هاندەرەی لە شێوەی دەست بە ڕووەوە نان و وڵکردندا خۆی دەردەبڕێت.

ــ دەست بە ڕووەوە نان و وڵکردن چییە؟

ــ ئەوەیە کاتێک مرۆڤ هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی بە ڕووی خەڵکیدا دادەخات. ئەگەر بیانییەک لە دەرگا بدات، لێی ناکاتەوە. ئەگەریش دیسان لە دەرگا بدات، دەیکاتەوە بەڵام دەست بە ڕوویەوە دەنێت و ڕێی نادات بچـێـتـە ژوورەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: ئەو کەسە با وڵ بێت و ڕوو لە جێگایەکی دیکە بکات.

ــ ئەمەش ڕق هەڵدەستێنێت؟

ــ ئەمە بەدگومانییەکی سروشتییە، کە هەندێ کەس لە بەرانبەر کەسانی دیکەدا هەستی پێ دەکەن. ڕق هەستێکی زۆر قووڵتر و جددیترە، چونکە ڕق لە بەرانبەر پێچەوانەکەی خۆیدا ــ لە بەرانبەر خۆشەویستیدا ــ بوونی هەیە.

ــ تێ ناگەم، باسی چ جۆرە خۆشەویستییەک دەکەیت؟

ــ ئەوەی مرۆڤ لە ئاست خۆیدا هەستی پێ دەکات.

ــ کەس هەیە حەز لە خۆی نەکات و خۆی خۆش نەوێت؟

ــ ئەگەر کەسێک حەز لە خۆی نەکات و خۆی خۆش نەوێت، کەسی تریشی خۆش ناوێت و حەزی لێ ناکات. ئەمەش وەکوو نەخۆشییەک وایە. بەڵگەی هەژاری و کڵۆڵییە.

ڕەگـەزپـەرسـتـێک نـاتوانێت هێنـدە خـۆی خـۆش بووێت، تا جێگای خەڵکی دیکەیش لە دڵیدا ببێتەوە. هـەربۆیەشـە هێندە خۆویستە.
ـ کـەواتە ڕەگەزپـەرست کەسـێکە کـە هیچ کـەسێکی خـۆش ناوێت و خـۆویستـە. دەبێت زۆر بەدبەخت و چارەڕەش بێت. چ دۆزەخێکی بۆ خۆی خوڵقاندووە!
ـ بەڕاستیش وایە، ڕەگەزپەرستی دۆزەخە.
ـ لەم ڕۆژانـەدا کـە لەگـەڵ مـامـمدا دەدوایت وتـت: "دۆزەخ ئەوانی دیکەن". مەبەستت لەوە چی بوو؟
ـ ئەوە هیچ پێوەندییـەکی بە ڕەگەزپـەرستییـەوە نییە. مـرۆڤ، کـاتێک ناچارە بەرگـەی ئـەو کـەسـانە بگرێت کـە هیـچ ئارەزوویەکی نییـە ژیان لەگەڵیـاندا بەسـەر بـەرێت، ئەوەی بە دەمدا دێت.
ـ با... ئەمە وەکوو ڕەگەزپەرستی وایە.
ـ نا، بەتەواوی نا، چونکە مەسـەلەکە ئەوە نییـە کە ناچار بیت حـەز لە هـەموو کەسـێک بکەیت. ئەگـەر کەسـێک، بۆ نموونە: ئامـۆزا شـرۆشـێتـەکـەت، بچێتـە ژوورەکەتەوە و دەفتـەرەکـانت بدڕێنێت و ڕێ لـەوە بگرێت بۆ خـۆت و لـەگـەڵ خـۆتدا یاری بکەیت، ئەوە ڕەفتـارێکی ڕەگـەزپەرسـتـانە نیـیـە، ئـەگـەر لە ژوورەکـەت بیـکەیتـە دەرەوە. بەڵام ئـەگـەر هـاوڕێیـەکـت لە پۆلەکەتدا، بۆ نموونە: وەکوو عەبدو، بێتە ژوورەکـەت، سـەلار و ئاغـر هـەڵسـوکـەت بکـات و هـەر لـەبەرئـەوەی ڕەشـپـێـسـتـە لە ژوورەکـەت بیـکـەیتـە دەرەوە، ئـەوە ڕەفـتـارێکـی ڕەگەزپەرستانەیە. لە جیاوازییەکە تێ دەگەیت؟
ـ ئەی چۆن، بەڵام هـێشـتـا لـەوە تێ نـاگـەم کـە "دۆزەخ ئەوانی دیکەن." یانی چی؟

ـ ئەوە حیواری یەکێک لە شانۆنامەکانی (سارتەر)ە، بە ناوی "لە بەردەم دەرگا داخراوەکاندا". سێ کەس، دوای مردنیان، لە ژوورێکی جوان و قەشەنگدا، بۆ هەتاهەتایە، دادەنیشن. ناچارن پێکەوە بژین و هیچ ڕێچارەیەکی دیکەیان نییە. ئەوێ دۆزەخە. هەربۆیەشە یەکێکیان دەڵێت: "دۆزەخ ئەوانی دیکەن."

ـ کە وایە ئەوە ڕەگەزپەرستی نییە. من ناچار نیم حەز لە هەموو کەسێکی دیکە بکەم. بەڵام چۆن بزانم چ کاتێک ڕەگەزپەرستییە و چ کاتێک ڕەگەزپەرستی نییە؟

ـ هیچ کەسێک ناچار نییە بەوەی بێ قەید و شەرت هەموو کەسێکی دیکەی خۆش بووێت، ئەگەر ئەو کەسەش ناچار بێت لەگەڵ کەسانێکدا بژی کە هەڵبژاردەی خۆی نین، لەوانەیە ئەو ژیانەی پێ ناخۆش بێت و گشت هەڵە و چەوتییەکی چاوەڕواننەکراو لەو ژیانەدا بدۆزێتەوە و ئەمەش وا بکات وەکوو ڕەگەزپەرستێک بێتە پێش چاوان. ڕەگەزپەرستێک هەوڵ دەدات ناحەزیی خۆی بەرانبەر ئەوانی دیکە بە ڕەوا بناسێنێت و کۆمەڵە شتێک بە بیانوو بهێنێتەوە، کە پێوەندییان بە سەروسیمای ئەوانی دیکەوە هەیە، لەوانەیە بڵێت: من حەزم لە چارەی ئەو، یان ئەوی دیکە نییە، چونکە لووتێکی ناقۆڵای هەیە، یان قژبژ و قژلوولە، یان چاوەکانی خێل و قیچن و هەروەها شتی دیکەی لەو جۆرە. ڕەگەزپەرستێک لەناخەوە بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە: "من پێویستم بەوە نییە بزانم چ هەڵەیەک لە چ کەسێکدا هەیە، یان ئەو کەسە چۆنە. بۆ من هێندە بەسە، کە بزانم ئەو کەسە سەر بە گرۆیەکی تایبەتە بۆ ئەوەی بتوانم دەست بە ڕوویەوە بنێم و خۆمی لێ تار و تەریک بگرم." بۆ ئەوەش پشت بە

خەسڵەت و وێکنەچوونی فیزیکی یان سایکۆلۆژی دەبەستێت، تا بیانوو بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە بۆچی دەست بە ڕوویەوە دەنێت و خۆی لێ تار و تەریک دەگرێت.
ـ دەتوانیت چەند نموونەیەکم بۆ بهێنیتەوە؟
ـ لەبارەی ڕەشپێستانەوە دەڵێن کە ئەوان: "تۆکمەوتۆڵن، بەڵام تەمبەڵ و تەوەزەل، چڵێس و پیس و پەڵۆخن." لەبارەی چینییەکانەوە دەڵێن: "بچکۆلەن، خۆویست و زاڵمن" لەبارەی عەرەبەکانەوە دەڵێن: "سڕقایم، تووڕەوتڕۆ و هەڵخەڵەتێنن." بە تورکانیش دەڵێن: "بەهێز و بەزەبروزەنگن" و لەبارەی جوولەکەکانیشەوە بە هەموو چەوت و چەوێڵییەکی چاوەڕوانکراو و نەکراو بار دەکرێن، بۆ ئەوەی بیانوو بۆ ئەوە بهێنرێتەوە کە بۆ بەو جۆرە ڕاوەدوونران و... نموونە پڕن. ڕەشپێستان دەتوانن بڵێن: سپیپێستان بۆنێکی سەیریان لێوە دێت، ئاساییەکانیش دەتوانن بڵێن: ڕەشپێستان دڕندەن و شتی دیکەی لەو جۆرە. تۆ دەبێت گشت وشەیەکی بێسەروبەر لە گەنجینەی وشەکانتدا بکەیتە دەرەوە، دەستەواژەی وەکوو "سەرڕەش"، "کاری قولەڕەش"، ورتەورتی چینی" و شتی دیکەی لەو چەشنە. ئەوانە گشتیان دەبەنگین و دەبێت وە دەر نرێن.
ـ چۆن بتوانین ـ لە گەنجینەی وشەکانمان ـ بیانکەینە دەرەوە؟
ـ بەر لە هەر شتێک دەبێت خۆمان فێری هەستی ڕێزلێگرتن بکەین. ڕێزگرتن شتێکی بنچینەییە. خەڵکی داوای ئەوە ناکەن هەموو کەسێک خۆشیان بووێن، بەڵام داوا دەکەن کە وەکوو مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێت. ڕێزگرتن ئەوەیە کە بە تەنگەوە بێیت و بە ئاگاییەوە ڕەفتار بکەیت. ڕێزگرتن ئەوەیە

بتوانیت گوێ بگریت. بیانییەک نە داوای خۆشەویستی و نە هاوڕێیەتی دەکات، بەڵام ئەو ـ چ ژن بێت، چ پیاو ـ دەیەوێت بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ بکرێت. هاوڕێیەتی و خۆشەویستی دەتوانن، پاش ئەوەی خەڵکی یەکتریان باشتر ناسی و نرخیان بۆ یەکتر دانا، بێن. بەڵام لە دەستپێکدا نابێت هیچ ڕاوبۆچوونێکی پێشتر بڕیاردراو هەبێت. بە مانایەکی تر: نابێت دید و تێڕوانینی پێشوەخت بڕیارلەسەردراو هەبێت. بەڵام ڕەگەزپەرستی لەسەر ئەو کلێشانە گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت کە خەڵکی دیکە و کولتوورەکەیان چۆنن. نموونەی چەند تێڕوانینێکی گشتگرانەی بێ بنجوبنەوانت بۆ دەهێنمەوە: سکۆتلاندی و سمۆلێنییەکان[٦] ڕژد و چکوسن، بەلچیکییەکان زۆر فێڵباز نین، قەرەچەکان دزن، خەڵکی ئاسیا سڕقایمن و هەروەها شتی لەو چەشنە. هەموو شتە گشتگرە سەپێنراوەکان دەبەنگن و زەمینە بۆ هەڵە و چەوتیی نوێ خۆش دەکەن. هەربۆیەشە هەرگیز بۆمان نییە بڵێین: "عەرەبەکان وا و وان"، "فەرەنسییەکان وان و وا نین" و هەروەها. ڕەگەزپەرستێک حاڵەتێکی تایبەت بە هەموو حاڵەتێکی دیکە دەگرێت. ئەگەر عەرەبێک دزیی لێ بکات، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە گشت عەرەبان دزن. ڕێزگرتنی ئەوی دیکە، بەتەنگەوەهاتن و لەسەرکردنەوەی یەکسانییە.

ــ بەڵام مرۆڤ دەتوانێت چیرۆک لەبارەی بەلچیکی و نەرویژییەکانەوە بگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی لە سۆنگەی ئەو چیرۆکانەوە بشبێت بە ڕەگەزپەرست!

ـ بۆ ئەوەی گاڵتەوگەپ بە کەسانی دیکە بکەیت، ناچاریت کە بە خۆشت پێ بکەنیت. ئەگینا مرۆڤ ئەو کاتە بۆ خۆی خودانی هیچ گاڵتەوگەپێک نییە. گاڵتەوگەپ یەکسانە بە هێز.

ـ ئەرێ بەڕاست گاڵتەوگەپ چییە، وەکوو پێکەنین وایە؟
ـ کە دەڕۆستی گاڵتەوگەپ بێیت و کەیف و خۆشیی لێ وەربگریت، وەکوو ئەوەیە کە بتوانیت گاڵتە و شۆخی بکەیت و خۆشت لە بەرانبەریدا نەرموشل بکەیت و زۆر بە جددی وەرینەگریت. لە هەموو حاڵێکدا ئەوەیە کە ئەوە بهێنیتە پێشەوە، کە کەسێک وا لێ بکات بخەنێت و پێ بکەنێت. شاعیرێک وتویەتی: "گاڵتەوگەپ سەرلێشوانێکی ئاغرانەیە."
ـ ئایا ڕەگەزپەرستان هیچ میزاجێکیان هەیە، یان کەیف و خۆشی لە گاڵتەوگەپ وەردەگرن؟
ـ لێرەدا جێگۆڕکێت بە وشەکان کرد، چونکە لە کۆندا "میزاج" ئەو وشەیە بوو کە خەڵک بۆ باسکردنی گاڵتەوگەپ بە کاریان دەهێنا. نا، ڕەگەزپەرستان هیچ هەستونەستێکیان لە ئاست گاڵتەوگەپدا نییە، هێندەی پێوەندیی بە میزاجیشیانەوە بێت، زۆربەی جاران، بەدخواست و بەدکارانەیە. ئەوان بە هەست و نەستێکی بەدکارانەوە بە خەڵکی دیکە پێ دەکەنن و پەنجە بۆ کەموکوورییەکانیان ڕادەکێشن، وەکوو ئەوەی بۆ خۆیان هیچ کەموکوورییەکان نەبێت و بێ غەلوخەش بن. کاتێک ڕەگەزپەرستێک پێ دەکەنێت، بۆ ئەوەیە ئەوە نیشان بدات کە لەو بڕوایەدایە ئەو باشترینە، بەڵام ئەوەی لەڕاستیدا نیشانی دەدات ئەوەیە، کە چەند کەم دەزانێت، چەند کەرۆکەیە و چەند خوازیاری ئازاردان و خراپەکردنە بەرانبەر خەڵکانی دیکە. کە لەبارەی خەڵکەوە دەپەیڤێت، وشەی ناحەز و دزێو بە کار دەهێنێت، سووکایەتییان پێ دەکات، بیانییان بە (سەرڕەش)، (قوللەڕەش)، (بلاتە)[٧] و شتی دیکەی لەو چەشنە ناو دەبات.
ـ ئەی ئەوەی کەرۆکە و دەبەنگە ڕەگەزپەرستە؟

ـ نەء، بەڵام ئەوەی ڕەگەزپەرستە دەبەنگ و کەرۆکەیە.
ـ ئەگەر باش لە یەکتر حاڵی بووبین، ڕەگەزپەرستی لەسەر: ١- ترس، ٢- نەفامی و ٣-دەبەنگی، هەڵچنراوە و لەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.
ـ بێ کەم و زیاد. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت کە مرۆڤ دەتوانێت زانیاری و شارەزایی هەبێت و زانستەکەشی بۆ بە ڕەواناساندنی ڕەگەزپەرستیش بە کار بهێنێت. مرۆڤ دەتوانێت زیرەکیی خۆی بۆ نیاز و مەرامی خراپیش بە کار بهێنێت، لەبەرئەوە هێندە سادە و ساکار نییە.
ـ ئەی چۆن؟
ـ ئەوەش ڕوو دەدات کە خەڵک، ئەگەرچی بە شێوەیەکی دروست پەروەردە کراون و خوێندەواریشیان هەیە تووشی بەدبەختییەک دەبن ـ بۆ نموونە: بێکار دەبن ـ و هۆی ئەو بێکارییەش دەدەنە پاڵ بیانییان. ئەوان لەناخەوە دەزانن کە ئەوە گوناهی بیانییان نییە، بەڵام دەبێت ڕق و کینەی خۆیان ئاراستەی کەسێک بکەن. ئاراستەی کەسێک کە خەڵکی بە (قوربانی) ناوی دەبەن.
ـ قوربانی چییە؟
ـ لە کۆندا خەڵک لە ئیسرائیل تەگەیەکیان هەڵدەبژارد و گشت ئەو گوناهانەی لە ئەستۆ دەگرت کە خەڵکەکە بۆ خۆیان کردبوویانن و بەڕەڵای چۆڵ و بیابانیان دەکرد. کاتێک ئێمە دەمانەوێت کەسێکی دیکە بەرپرسێتیی هەڵە و چەوتییەکانی ئێمە لە ئەستۆ بگرێت، قوربانییەک هەڵدەبژێرین. کە ئێمە لە فرەنسا لە قەیرانی ئابووریداین، ڕەگەزپەرستەکان دەیانەوێت بیانییەکانی پێ گوناهبار بکەن و بیخەنە ئەستۆی ئەوان. ڕەگەزپەرستان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەناهێنەکان هەم

کار و هەم بژێوی فرەنسییەکان زەوت دەکەن. هەربۆیە بەرەی نەتەوەیی، کە پارتییەکی ڕەگەزپەرستە، فرەنسای پڕ کردبوو لەو بەیداخانەی کە لەسەریان نووسرابوو: "سێ ملیۆن بێکار یەکسانە بە سێ ملیۆن پەناهێنی نەخوازراو." ئەوەش بزانە، پێنج یەکی فرەنسییەکان لە بنوبنەچەدا بیانین.

ــ بەڵام بێکاری تووشی پەناهێنەکانیش دەبێت! باوکی سوعادی ئامۆزای دایکم، ئەوە بۆ دوو ساڵیش دەچێت بێکارە. ئەو بە دوای کاردا دەگەڕێت و بەڵام هیچ کارێک نابینێتەوە. هەندێ جار کە بە تەلەفۆن لە کارێک دەگەڕێت، هەموو شتێک بۆ داواکردنی ئەو کارە بۆی لەبار و ئاساییە، بەڵام کە دەچێت بۆ جێگای کارەکە پێی دەڵێن: "بەداخەوە، درەنگ پێ ڕاگەیشتی!"

ــ بێگومان وایە. بەڵام ڕەگەزپەرستان درۆ دەکەن. هەرچییەکیان بە دەمدا بێت دەیڵێن و هیچ گرنگییش بەوە نادەن چی ڕاست و چی درۆیە. ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ئەوەیە، ئەندێشەی خەڵکی بە جنێو و قسەی پڕوپووچ پڕ بکەن. تۆژینەوەی ئابووری دەریخستووە ئەو هاوکێشەیەی کە "سێ ملیۆن بێکار یەکسانە بە سێ ملیۆن پەناهێنی نەخوازراو." هەڵەیەکی بێ سەروبەرە و هیچی تر. بەڵام کەسێک کە لەبەر بێکاری تووشی بەدبەختی بووە، بڕوا بە هەر دەبەنگییەک دەکات، کە نەختێک هێوری بکاتەوە.

ــ بەڵام هەڵکوتانە سەر پەناهێنەرانیش هیچ کارێکی بۆ مەیسەر ناکات!

ــ بێگومان نا، بەڵام ئا لێرەدا جاریکی دیکەش ترس لە بیانییان دەبینینەوە، کە ناچارە گوناهی چەوتوچەوێڵیی هەر شتێک لە ئەستۆ بگرێت. زۆر لەوەش ئاسانترە. ڕەگەزپەرست ئەو کەسەیە کە خەڵکی تر گوناهبار دەکات.

ـ خەڵكی تر گوناهبار دەكات؟
ـ نموونەیەكت بۆ دەهێنمەوە: قوتابییەك كە لە بنەچەدا خەڵكی وڵاتێكی دیكەیە، نمرەی خراپ لە دەرسەكانیدا وەردەگرێت. لەباتی ئەوەی گوناهی كەمتەرخەمیی خۆی بخاتە ملی خۆی و دان بەوەدا بنێت كە تەمبەڵ بووە، دەڵێت كە مامۆستاكەی ڕەگەزپەرستە و هەر لەبەرئەوەش نمرەكانی ئەم خراپن.
ـ (نادیا)ی ئامۆزام وا دەكات. لە لایەن قوتابخانەوە لە خراپیی ڕەفتارەكانی ئاگادار كرایەوە، كەچی بە دایكوباوكی خۆی وت كە مامۆستاكانیان حەزیان لە چارەی عەرەب نییە! زۆر بێشەرمە، چونكە من دەزانم كە ئەو خۆی لە دەرسەكانیدا خراپە.
ـ كتومت مەبەستم لە گوناهباركردنی خەڵكی تر ئەوەیە!
ـ بەڵام (نادیا) ڕەگەزپەرست نییە...
ـ ئەو بیانوویەكی پڕوپووچ دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو بەرپرسێتییە بدزێتەوە كە دەكەوێتە ئەستۆی، ڕەگەزپەرستەكانیش هەر بەو شێوەیە دەكەن.
ـ كەواتە دەبێت گوناهباركردنی خەڵكی دیكەش بخەینە سەر ترس، نەفامی و دەبەنگی.
ـ بێ كەم و زیاد. من كە ئەمڕۆ دانیشتووم لەبارەی ئەوەوە كە مرۆڤ چۆن دەبێت بە ڕەگەزپەرست بۆ تۆ دەدوێم، دەمەوێت ئەوەت بۆ باس بكەم كە ڕەگەزپەرستی هەندێ جار پەنا دەباتە بەر دەربڕینی تراژیدیایی. ئەوكاتیش چیتر باس لە بەدگومانی و حەسوودی نییە بەرانبەر خەڵكانێك كە سەر بە گرۆیەكی دیاریكراون. جارێك لە جاران میللەتێك هەبوو كە بە دەست قڕكردن و ڕەگەزپەرستییەوە دەیناڵاند.

ـ قڕکردن یانی چی؟ زایەڵەیەکی ناخۆشی هەیە!
ـ قڕکردن ئەوەیە کاتێک مرۆڤ سەرلەبەری کۆمەڵگایەک، یان گرۆیەک، لە نێو دەبات.
ـ چۆن؟ هەموویان دەکوژن؟
ـ هەر ئەوەش بوو کە لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهاندا ڕووی دا، کاتێک هیتلەر، ڕێبەری ئەڵمانیای نازیست، بڕیاری دا کە جوولەکە و قەرەجەکانی گشت دنیا لەناو ببرێن و قڕ بکرێن ـ هیتلەر عەرەبەکانی بە "ڕەگەزێکی دواکەوتووتر لە بۆق دادەنا!"ـ بەختیش بۆی یار بوو و توانیی پێنج ملیۆن جوولەکە بە گاز بخنکێنێت. هەموو ئەمانەش لە تیۆرییەکی ڕەگەزپەرستانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەیوت: "جوولەکەکان سەر بە ڕەگەزێکی (ناپاک)ن و نزمترن لە ڕەگەزەکانی تر، هەر لەبەر ئەوەش هیچ مافێکی ژیانیان نییە و، دەبێت قڕ بکرێن، کەواتە: دەبێت دواکەسیان لەناوببرێت." هەربۆیە حکومەتەکانی ئەورووپا ناچار کران، کە جوولەکەی وڵاتەکانیان ناونووس بکەن و ڕەوانەی لای نازیستەکانیان بکەن. جوولەکەکانیش ناچار بوون ئەستێرەیەکی زەرد بە سنگیانەوە هەڵواسن، بۆ ئەوەی خەڵک بیانناسنەوە. ئەم جۆرە لە ڕەگەزپەرستی بە (ئەنتیسێمیتیزم) ناو دەبرێت.
ـ ئەو وشەیە لە کوێوە دێت؟
ـ لە وشەی (سێمیت)ەوە دێت و ئەو گرۆیانە دەگرێتەوە کە لە خۆرهەڵاتی ناوینەوە دێن و زمانانێک دەپەیڤن کە خزمایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، وەکوو زمانی عیبری و عەرەبی. جوولەکە و عەرەبیش لە (سێمیت)ەکانن.
ـ کەواتە ئەوەی (ئەنتی سێمیت)ە، (ئەنتی عەرەب)یشە؟
ـ کاتێک مرۆڤ لەبارەی (ئەنتیسێمیتیزم)ەوە دەدوێت،

زۆربەی جاران، مەبەستی لە ڕەگەزپەرستی دژ بە جوولەکەکانە. ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە ڕەگەزپەرستی و زۆر خوێنسااردانە بیری لێ کرایەوە و پلانی بۆ دارێژرا لە پێناوی قڕکردن و لەناوبردنی گشت جوولەکەکاندا. بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆتر بەرسڤی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەمەوێت بڵێم: ئەوەی دژی جوولەکەیە، دژی عەرەبیشە. بەهەمەحاڵ، ڕەگەزپەرست ئەو کەسەیە کە حەز لە کەسانی تر ناکات، ئەوجا ئەو کەسانە جوو بن، عەرەب بن یان ڕەشپێست... ئەگەر هیتلەر لە جەنگدا سەرکەوتنی بە دەست بهێنایە، پەلاماری گشت مرۆڤایەتیی دەدا، چونکە بەدڵنیاییەوە هیچ ڕەگەزێکی خالیس و "پاک" لە ئارادا نییە. ئەوەش زۆر نالەبار و مەحاڵ دەبوو. هەربۆیەشە پێویستە هەمیشە لەسەرخۆ و بەئاگا بین.

ـ ئەی جوولەکەیەک دەتوانێت ببێت بە ڕەگەزپەرست؟

ـ جوولەکەیەکیش، کتومت وەکوو عەرەبێک، دەتوانێت ببێت بە ڕەگەزپەرست، هەروەکوو چۆن ئەرمەنییەک، قەرەچێک یان ڕەشپێستێک دەتوانێت ببێت بە ڕەگەزپەرست... هیچ گرۆیەکی مرۆڤی نییە، کە کەسانی وای لە خۆ نەگرتبێت، کە چ لە بیرکردنەوە و چ لە مامەڵە و ڕەفتاردا نەتوانن ڕەگەزپەرستانە هەڵسوکەوت بکەن.

ـ ئەگەرچی مرۆڤ بۆ خۆیشی ڕووبەڕووی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە بکرێتەوە؟

ـ مرۆڤێک کە بە خۆی تووشی بێدادی بووە، بە هیچ کلۆجێک مانای ئەوە نییە، ئەو مرۆڤە بۆ خۆی دادوەرە. بە نیسبەت ڕەگەزپەرستیشەوە هەر وایە. مرۆڤێک کە بۆ خۆی بووە بە قوربانیی ڕەگەزپەرستی، دەکرێت بۆ خۆیشی، لە هەندێ حاڵەتدا، ببێت بە ڕەگەزپەرست.

ـ باسی بەکۆمەڵکوشتنم بۆ بکە.
ـ بەکۆمەڵکوشتن ئەوەیە کە بە شێوەیەکی پلانبۆڕێژراو و لەسەر شێوازێکی تایبەت گرۆیەکی کەمایەتی قڕ بکەیت. کەسێکی خونخوار و شێتووێت، بڕیار دەدات، خوێنسارادانە و، بە هەر کەرەسەیەک کە دەستی پێی ڕادەگات، گشت ئەو کەسانە بکوژێت کە سەر بە گرۆیەکی مرۆڤی دیاریکراون. زۆربەی جارانیش، کەمایەتییەکی (ئێتنیکی)ن کە دەبن بە نیشانە بۆ ئەم جۆرە بڕیارە.
ـ وشەیەکی دیکەیش کە لێی تێ ناگەم، ئێتنیکی چییە؟
ـ گرۆیەکی ئێتنیکی ئەو گرۆیەیە کە لە زمان، خوو و نەریت، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کولتووردا هاوبەشن و ئەو هاوبەشییەی خۆیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە جێ دەهێڵن. واتە: گەلێک کە پێکڕا هەمان ناسنامەیان هەیە. ئەو مرۆڤانەش کە سەر بەو گرۆیەن دەکرێت بە زۆر لە وڵاتاندا بڵاو بووبنەوە.
ـ چەند نموونەیەک بهێنەرەوە.
ـ جووەکان، بەربەرەکان، ئەرمەنییەکان، قەرەچەکان، کالدێیەکانی بابل: ئەوانەی زمانی ئارامی ـ زمانی دایکی مەسیح ـ دەپەیڤن و هەروەها.
ـ ئەی ئەگەر ئەندامەکانی گرۆیەک زۆر نەبن، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دووچاری مەترسیی بەکۆمەڵکوشتن ببنەوە؟
ـ مێژوو فێرمان دەکات کە کەمایەتییەکان ـ واتە: ئەوانەی کە ژمارەیان زۆر نییە ـ زۆربەی جاران ڕاو نراون. ئەگەر چاوێک بە چەرخی هەژدەدا بگێڕین، دەبینین کە ئەرمەنییەکان بەکۆمەڵ لە لایەن تورکانەوە، لە ساڵی ١٩١٥دا، کوژران و ڕەدوونران ـ ملیۆنێکیان لێ کوژرا، کە بۆ خۆیان میللەتێکی

ملیۆنێک و هەشتسەدهەزار کەسین ـ. پاشان نۆرە هاتە سەر جووەکان، ئەو جوولەکانەی بە کۆمەڵ لە ڕووسیا و پۆڵۆنیا کوژران ـ ئەم جۆرە بەکۆمەڵکوشتنەیان بە (پۆگرۆم)[٨] ناو دەبرێت ـ. هەر یەکسەر دوای ئەوەش پێنج ملیۆن جوولەکە لە لایەن نازیستەکانەوە، لە ئۆردووگاکانی قڕکردندا، لە ئەوروپا، کوژران. زۆر دوور نەڕۆین هەر ساڵی ١٩٣٣ لە ئەڵمانیا، جوولەکەکان وەکوو "ڕەگەزێکی بێنرختر"، "ڕەگەزێکی بندەست" سەیر دەکران، کتومت وەکوو ئەوەی کە تەماشای قەرەچەکانیش وەکوو ڕەگەزێکی "نزم و نەوی و بێبەها" دەکرا و چەندینیان لێ کوژرا ـ دووسەدهەزار کەس ـ.
ـ بەڵام ئەمە دەمێکە ڕووی داوە، ئەی ئێستا چی؟
ـ کوشتاری کەمەنەتەوەکان تا ئێستاش هەر لە گۆڕێدایە. هەر دوور نەڕۆین، ساڵی ١٩٩٥، (سربی)یەکان بە ناوی "پاککردنەوەی ئێتنیکی"یەوە بە هەزاران موسوڵمانی (بۆسنیا)یان کوشت.
لە (ڕواندا)ش (هووتوو)ەکان کوشتاری (تووتسی)یەکانیان کرد ـ ئەو تووتسییانەی کە کەمایەتین و لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە پشتیان گیرا بۆ ئەوەی لەگەڵ هووتووەکاندا بجەنگن ـ. هەردووکیان، هووتووەکان و تووتسییەکان، دوو گرۆن کە هەر لەو کاتەوەی بەلجیکییەکان ناوچەکانی دەوروبەری زەریاچەکانی ئەو وڵاتەیان کۆڵۆنی کردبوو، لەگەڵ یەکتردا دەجەنگان. کۆڵنیالیزم، کە پاشان دەگەڕێینەوە سەری، زۆربەی جاران میللەتانی پەرت پەرت کردووە بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر ڕکێف و دەستەڵاتی خۆیەوە. کوشتاری بە کۆمەڵ و خەموخەفت دوو شتن، کە ئێمە بە ناچاری لەم چەرخەدا خۆمان داوە بە دەستیانەوە.

ـ ئەی لە مەغریب، ئایا جوولەکە لەوێش هەن؟ ئەوەیان دەزانم کە لەوێ بەربەر هەن، چونکە دایکم بۆ خۆی بەربەرە.
ـ لە مەغریب، جوولەکە و موسوڵمانان، لە هەزاران ساڵەوە پێکەوە ژیاون. جووەکان گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە بە "مێلاح" ناو دەبرێن. ئەوان قەت تێکەڵ بە موسوڵمانان نەدەبوون، بەڵام هەرگیز شەڕیشیان لەگەڵدا نەدەکردن. موسوڵمان و جووەکان نەختێک لە بەرانبەر یەکدیدا درِدۆنگ بوون، بەڵام هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لە یەکتریان دەڕوانی. گرنگترین شت ئەوەیە، کاتێک جوولەکەکان لە ئەوروپا بە کۆمەڵ قڕ دەکران، لە مەغریب پارێزگارییان لێ کرا. کاتێک ئەڵمانیا فرەنسای داگیرکرد، پاشای مەغریب ـ محەمەدی پێنجەم ـ بەرپەرچی ئەو داوایەی دایەوە کە لە لایەن سوپاسالاری فرەنسا (پێتێن)ەوە[٩] لێی کرابوو، کە جوولەکەکانی مەغریب ڕەوانەی "ئۆردووگاکانی قڕکردن"ی نازیستەکان بکرێن، بە مانایەکی دیکە: ڕەوانەی دۆزەخ بکرێن. پاشای مەغریب پارێزگاریی لێ کردن و بەرسڤی (پێتێن)ی دایەوە: "ئەوانە دەستوپێوەندی خۆمن، هاووڵاتیی مەغریبن. ئێرە بەماڵی خۆیان دەزانن، لێرەدا بە دڵنیایی و بێ ترس دەژین. من بەرپرسی پاراستنی ئەوانم." جوولەکەکانی مەغریب، کە ئێستاکە بە گشت دنیادا بڵاوبوونەتەوە، بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لەو پاشایە دەڕوانن. ئێستا چەند هەزار جوولەکەیەک لە مەغریب ماونەتەوە. ئەوانەش کە مەغریبیان بە جێ هێشت، بەخۆشحاڵییەوە، دەگەڕێنەوە. مەغریب ئەو وڵاتە عەرەبییە موسوڵمانەیە کە زۆرترین ژمارەی جوولەکە تێیدا دەژی. دەزانی جوولەکەکانی مەغریب، شاری (سەفرو) بە چی ناو

دەبەن، ئەو شارەی دەکەوێتە خـوارووی (فاس)ەوە؟ ئەوان پێی دەڵێن: "قودسی بچووک".
ـ ئەی بۆ مەغریبیان بە جێ هێشت؟
ـ کـە مـەغـریب سـاڵی ١٩٥٦ سـەربەخـۆیی بە دەست هـێنا، پشێوی دایگرتن، چونکە نادڵنیا بوون لەوەی چی ڕوودەدات و چی چاوەڕێیـان دەکـات. ئەو جـوولەکـانەش کـە ئـەوسـا لە ئیسرائیل نیشتەجێ بووبوون، هانیان دەدان مەغریب بە جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە لای ئەوان. پاشان جـەنگی ١٩٦٧ و پاش ئـەویش جـــەنگی ١٩٧٣ لەنێـــوان ئـیـــســـــرائیل و وڵاتـە عەرەبییەکاندا بەرپا بوو، ئەوجا بڕیاریان دا زێدەکەی خۆیان بە جێ بهـێـڵن و ڕوو بکەنە، یان ئـیـسـرائیل یان ئـەوروپا و ئەمریکای ژووروو. بەڵام موسوڵمانەکانی مەغریب ئەوەیان پێ ناخـۆش بوو، کە جـوولەکەکان مـەغریب چـۆڵ دەکەن، چونکە ئەوان بە هەزاران سـاڵ لەتەک جوولەکەکـاندا لەم وڵاتەدا ژیا بوون. چەندین گۆرانی و شـیـعـر هەن کە لە لایەن جـوولەکە و موسوڵمانەکانەوە بە عەرەبی نووسراون. ئەوانە بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی کە ئەو دوو گرۆیە بەباشـی لەگەڵ یەکتردا گونجا بوون و ڕێک دەکەوتن.
ـ کەواتە مەغریبییەکان ڕەگەزپەرست نین؟
ـ بانگەشـەی شـتـێکی لەو جـۆرە هیچ مـانایەکی نیـیـە. هیچ مـیللەتێک نیـیـە، کـە ئەندامـەکـانی پێکڕا، ڕەگـەزپەرست بن. مــەغـریـبـیـیـەکـانیش هەروەکـوو مـیـللەتانی دیکەن. لەنێـو ئەوانیـشدا، هـەروەکـوو چـۆن لەنێـو گـشت مـیللەتـانی دیکەدا، مـرۆڤی ڕەگـەزپەرست هـەن و مـرۆڤـیش هـەن کـە ڕەگـەزپەرست نـین.
ـ ئەی حەزیان لە بیانییانە؟

ـ مەغریبییەکان بە خۆشحاڵییەوە میوانداری دەکەن و نان لە بەردەم بیانییان دادەنێن، کتومت وەکوو گشت کەسێکی دیکە لە مەغریب، یان عەرەبەکانی بیابان و ڕەوەندەکان و ئەوانی دیکە. بەڵام هەندێکیش هەن کە بەو شێوە جوانە هەڵسوکەوت ناکەن، بەتایبەت لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا.
ـ بۆ بەتایبەت لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا؟
ـ چونکە زۆر لە کۆنرا، ئەو کاتەی بازرگانەکانی مەغریب بە ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەوە خەریک بوون، بەرەو وڵاتانی دیکە، وەکوو سەنیگال، مالی، سوودان و گینیا گەشتیان دەکرد و هەندێک لەوان ژنی پێستڕەشیان لێ دەخواستن و لەگەڵ خۆیان دەیانهێنانەوە. ئەو منالانەی لەو ژنانە بوون، زۆربەی جاران، لە لایەن ژنە پێستسپییەکانیان و منداڵەکانیانەوە، نائینسانانە، ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا. بۆ نموونە: مامی من دوو ژنی ڕەشپێستی هەبوون. ـمن ئامۆزای ڕەشپێستیشم هەن ـ. دێتەوە بیرم کە ئەوان لەگەڵ ئێمەدا نانیان نەدەخوارد. ئێمە خۆمان بەوە ڕاهێنابوو ئەوان بە "عەبد" بانگ بکەین.
زۆر پێش مەغریبییەکانیش، ئەوروپاییەکان، کەسێک کە ڕەشپێست بووایە بە "حەیوانێکە بۆ خۆی، مەیموونێک" ناویان دەبردن، بۆ نموونە: (بوفۆن)[١٠]، کە تۆژەرەوەیەکی ئەوروپاییە و لە چەرخی هەژدەدا ژیاوە، ئەوەی سەرەوەی نووسیوە. ئەو، لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێندە و شارەزا بوو و لەوەش زیاتری دەزانی، کەچی نووسیبووی: "قولەڕەشەکان بندەستن و پێویست بەوەش ناکات بەوەوە خەریک بین، کە ئەوان کۆیلەن." ئێستا کۆیلەیەتی لە نزیکەی سەرانسەری دنیادا نەماوە. بەڵام لە هەندێ جێگادا تا ئەمڕۆ بوونی هەیە، ئەگەرچی ڕەنگە هەمیشە لە بەرچاو و دیار نەبێت.

ـ ئەمە وەکوو ئەوە کە لەو فیلمە ئەمریکاییەدایە، کە خاوەنماڵە سپییەکە، بە قامچی لە ڕەشپێستەکان دەدات...
ـ ڕەشپێستەکانی ئەمریکا نەوەی ئەو کوێلانەن، کە لە لایەن دەستەی یەکەمی پەناهێنەرەکانەوە بۆ ئەمریکا، لە ئەفریقاوە هێنابوویانن. کۆیلەیەتی لە خاوەندارێتیی تایبەتەوە دەکەوێتەوە، کە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێت و پێڕەو دەکرێت. ئەوکاتەش کوێلە بەتەواوی هەموو سەربەستییەکی لێ زەوت دەکرێت. چ وەکوو لەش و چ وەکوو ڕۆحیش دەبێتە موڵکی ئەو کەسە کە کڕیویەتی. ڕەگەزپەرستی دژ بە ڕەشپێستەکان هەمیشە و تائێستاش لە ئەمریکا ناحەزانە پێڕەو دەکرێت. ڕەشپێستەکان خەباتی یەکجار زۆریان کردووە بۆ ئەوەی هەندێک مافی ڕەوای خۆیان بە دەست بهێنن. جاران لە هەندێ لە هەرێمەکانی ئەمریکا وا بوو کە ڕەشپێستەکان بۆیان نەبوو لە هەمان حەوزدا لەگەڵ سپیپێستەکاندا مەلە بکەن، یان هەمان ئاودەست بە کار بهێنن کە سپییەکان بە کاریان دەهێنا، یان لە هەمان گۆڕستانی سپییەکان بنێژرێن، یان سواری پاسێک ببن و لە فێرگەیەک بخوێنن کە سپییەکان سواری دەبوون و لێیان دەخوێند. لە (لیتڵ ڕۆک)، کە شارێکی بچووکە و دەکەوێتە یەکێک لە هەرێمەکانی خوارووی ئەمریکا، ساڵی ١٩٥٧، سەرۆککۆمار (ئایزنهاوەر) و پۆلیس و سوپا ناچار بوون، بۆ ئەوەی نۆ منداڵ بتوانن لە فێرگەی (سەنترالّ های سکولّ)، کە فێرگەیەکی تایبەت بوو بە سپیپێستەکان، بخوێنن، دەست بخەنە نێو کاروباری ئەو هەرێمەوە. ...خەبات لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ڕەشپێستاندا هێشتا کۆتایی نەهاتووە، سەرباری ئەوەش کە لە جەرگەی ئەو خەباتەدا، ساڵی ١٩٦٨، لە (ئەتلانتا)،

(مارتین لۆتەر کینگ)[١١] کوژرا. ئەمڕۆ هەندێک شت لە گۆڕاندان. وەکوو ئەوەی ئێستا لە خوارووی ئەفریقا ڕوو دەدات، لەوێ جاران سپییەکان و ڕەشپێسەکان هەر بە جیا لە یەکتری دەژیان. ئەوەیش بە (ئەپارتاید) ناو دەبرا. ڕەشپێستەکان، کە زۆرینەی خەڵکەکە بوون، لە لایەن کەمایەتیی سپییەوە، کە جڵەوی دەستەڵاتیان بە دەستەوە بوو، بە سووکتر و بێبەهاتر سەیر دەکران.
بەڵام هەروەها ئەوەش بزانە کە ڕەشپێستەکانیش وەکوو هەر کەسانێکی دیکەن و ئەوانیش دەتوانن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە خۆیان ناچن، ڕەگەزپەرستانە، بجووڵێنەوە و ڕەفتار بکەن. کە ئەوان زۆرجاران بوونەتە قوربانیی ڕەگەزپەرستی، ڕێ لەوە ناگرێت کە هەندێکیان ڕەگەزپەرستن.
ـ پێش نەختێک وتت کە کۆلۆنیالیزم میللەتان پەرت پەرت دەکات... کۆڵۆنیالیزم چییە، ئەویش هەر ڕەگەزپەرستییە؟
ـ لە چەرخی نۆزدەدا وڵاتانی ئەورووپایی، وەکوو فەرەنسا، ئینگلستان، بەلچیکا، ئیتالیا و پورتوگال بە هێزی سوپایی خۆیان پەلاماری وڵاتانی تریان لە ئەفریقا و ئاسیا دەدا و داگیریان دەکردن. کۆڵۆنیالیزم بە زۆر خۆسەپاندن و بۆ خۆ زەوتکردنە. کۆڵۆنیالیستێک پێی وایە، ئەو وەکوو سپی و شارستانی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت کە "ڕەگەزە بندەستەکان بەرەو شارستانی بەرێت". ئەو لەو بڕوایەدایە، بۆ نموونە، کە ئەفریقاییەک، هەر لەبەرئەوەی ڕەشپێستە، هێندەی سپییەک زیرەک و لێهاتوو نییە، بە واتایەکی دیکە: لە ڕووی زیرەکییەوە کەمترە لە سپییەک.
ـ کۆڵۆنیالیست ڕەگەزپەرستە!
ـ ڕەگەزپەرستە و خوازیاری بەدەستهێنانی دەسەڵاتیشە.

کاتێک مرۆڤ لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە بەڕێوە دەبرێت، ئازاد نییە و سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات. بۆ نموونە: جەزائیر تا ساڵی ١٩٦٢ش وەکوو بەشێک لە فرەنسا سەیر دەکرا. خێروبێری وڵاتەکە لە لایەن فرەنسییەکانەوە بە کار دەهێنرا و ئازادی لە هاووڵاتییانیش زەوت کرابوو. فرەنسییەکان ساڵی ١٨٣٠ هاتنە نێو خاکی جەزائیر و دەستیان بەسەر خاکەکەیدا گرت. ئەوانەی کە خوازیاری ئەو جۆرە بەڕێوەبردنەی وڵاتەکەیان نەبوون ڕاو دەنران، لە زیندان توند دەکران و تەنانەت دەشکوژران. کۆڵۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستییەکە لە پلەی دەوڵەتدا.

ـ چۆن وڵاتێک دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی ڕەگەزپەرست؟

ـ سەرلەبەری وڵاتێک نا، بەڵام ئەگەر حکومەتی ئەو وڵاتە، بەبێ گوێدانە مافی ڕەوای بەرانبەرەکەی، بڕیاری دا دەست بەسەر ناوچەیەکدا بگرێت کە هی میللەتێکی دیکەیە و بە زۆری زۆردارەکی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپاند، ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئەو وڵاتە بە سووکی سەیری ئەو کەسانە دەکات کە لەو ناوچەیەدا دەژین و پێی وایە کولتوورەکەیان بێنرخە و دەبێت، وەکوو خۆیان ناوی دەبەن، بەرەو شارستانییەت کێش بکرێن. زۆربەی جاران ئەو وڵاتە داگیرکراوە بەرەو پێش دەبرێت. ڕێگاوبانی تێدا دەکرێتەوە، خوێندنگە و خەستەخانەی تێدا بینا دەکرێت، هەندێ جار بۆ ئەوەیە ئەوە نیشان بدرێت کە داگیرکەران تەنیا لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان ڕوویان لەو خاکە نەکردووە، بەڵام هەمیشە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاترە بۆ خۆیان. لەڕاستیدا کۆڵۆنیالست لەو بوارانەدا خاکێکی داگیرکراو بەرەو پێش دەبات، کە یارمەتیدەر و دنەدەرن بۆ

ئەوەی بتوانێت تەواوی خێروبەرەکەتی ئەو خاکە بۆ خۆی بە کار بهێنێت. کۆلۆنیالیزم بەو شێوەیەیە. زۆربەی جاران بۆ ئەوەیە دەست بەسەر سەروەت و سامانی تازەدا بگرێت، بەڵام کۆلۆنیالیست خۆی قەت دەم لە ئاستی ئەوەدا ناکاتەوە و باسی ناکات. ئەوە داگیرکردنە، دزییە و هەڵکوتانەسەر و پەلاماردانێکە کە هەندێ جار بۆ میللەتێک لە میللەتان دەرئەنجامی زۆر پڕ مەترسیی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە: لە جەزائیر بۆ دواییهێنان بە دەستەڵاتی کۆلۆنیالیزم، چەندین ساڵ خەبات و بەرەنگاری و شەڕوشۆڕ پێویست بوو.

ـ جەزائیر ئازادە...

ـ ئا، جەزائیر لە ١٩٦٢ەوە سەربەخۆیی بە دەست هێناوە، ئێستا جەزائیرییەکان خۆیان بڕیار دەدەن وڵاتەکەیان چی پێویستە...

ـ لە ١٨٣٠یەوە بۆ ١٩٦٢، دەمـــــێکی زۆر دوورودرێژە، سەدوسی ساڵ!

ـ ژان ئەمرۆوچ، کە شاعیرێکی جەزائیرییە، ساڵی ١٩٥٨ ئەم شیعرەی نووسیوە:

گشت شتێک لە جەزائیرییەکان زەوت کرا
وڵات و ناوی وڵاتەکەش
ئەو زمانەی پڕە لە وشەی یەزدانی و
ژیرانە لە بێشکەوە بۆ گۆڕ
ڕێنمایی مرۆڤ دەکات
خاک و خێروبێری خاک
سەرچاوە و گشت باخچەکانیان
نانی زار و نانی ڕۆح
ـ هەموو شتێکیان زەوت کرد ـ

[...]
جەزائیرییەکان دەرکران
لە هەرچییەک کە ناوی خاک و نیشتمان بوو
کران بە هەتیوو
کران بە زیندانی
لە سەردەمێکدا کە هیچ یادوەری و داهاتوویەکی نییە
ـ کۆلۆنیالیزم ئەوەیە. مرۆڤ پەلاماری وڵاتێک دەدات، هەموو شتێک لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەدزێت، ئەو کەسانە لە زیندان توند دەکات، کە نارەزایی لە دژی داگیرکردن دەردەبڕن و مرۆڤە توندوتۆڵ و بەکارەکانیش هەڵدەبژێردرێن و بۆ کارکردن ڕەوانەی وڵاتە کۆلۆنیالەکە دەکرێن.
ـ لەبەر ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جەزائیر لە فرەنسا دەژین؟
ـ بەرلەوەی جەزائیر سەربەخۆیی بە دەست بهێنێت، وەکوو هەرێمێکی فرەنسا تەماشا دەکرا، بەشێک بوو لە فرەنسا. پاسپۆرتێک نەبوو تایبەت بە جەزائیرییەکان و وەکوو هاووڵاتیی فرەنسا سەیر دەکران. هەر لە ساڵی ١٨٧٠ەوە، گاورەکانی ئەو وڵاتە بە چاوی هاووڵاتی فرەنسایی "ڕاستەقینە"وە سەیر دەکران. جوولەکەکانیش هەروەها. بەڵام موسوڵمانەکان بە خەڵکی بە "ڕەچەڵەک" جەزائیری سەیر دەکران. وشەی "ڕەچەڵەک" بەو کەسە دەوترێت کە "لە بنوبنەچەدا خەڵکی وڵاتێکی کۆلۆنیکراوە"، ئەمەش یەکێک لە دەستەواژە ڕەگەزپەرستانەکانی ئەو سەردەمەیە. "بەڕەچەڵەک" بەو کەسانە دەوترا کە سەر بە پلەی هەرەنزمی کۆمەڵایەتی بوون. "بەڕەچەڵەک" یەکسان بوو بە بندەست و تەپەسەر. کاتێک سوپا، یان پیشەسازیی فرەنسا، پێویستی

بە خەڵک بوو لە جەزائیرەوە دەیانهێنان. کەس لە ڕاوبۆچوونی جەزائیرییەکانی نەدەپرسییەوە. مافی ئەوەیان نەبوو پاسپۆرتیان هەبێت. پسوولەی هاتوچۆی نێوخۆی وڵاتیان دەدرایە. فەرمانیان بەسەردا دەکرا. ئەگەر سەرپێچییان بکردایە، دەگیران و سزا دەدران. ئەوانە دەستەی یەکەمی ئەو پەناهێنانە بوون، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبستانەوە هاتن بۆ فرەنسا.

ـ بەرلەوەش پەناهێنەکان بە خەڵکی فرەنسا دەناسران؟

ـ تا ساڵی ١٩٥٨یش ئەو کەسانەی کە لە جەزائیرەوە هێنرابوون، بۆیان نەبوو خۆیان بە خەڵکی فرەنسا ناو ببەن، یان ببن بە هاووڵاتیی فرەنسا، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە لە مەغریب و توونسەوە دەهێنران. هەندێکی تر لە پەناهێنەران، وەکوو پورتوگالییەکان، ئیسپانیاییەکان، ئیتالیاییەکان و پۆڵۆنیاییەکان بە خۆیان هاتن...

ـ خۆ فرەنساش وەکوو ئەمریکایە!

ـ نا. هەموو ئەمریکاییەکان، بێجگە لە هیندە سوورەکان، کە هاووڵاتییە ئەسڵییەکانی ئەو کیشوەرەن، لە بنەچەدا پەناهێنن. لە سەرەتادا ئیسپانیاییەکان و پاشان ئەمریکاییە سپییەکان، زۆربەی هیندە سوورەکانیان لەناوبرد. کە (کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس) ئەو "دنیا نوێ"یەی دۆزییەوە، لە لایەن هیندەکانەوە پێشوازیی لێ کرا. ئەو زۆر سەری لەوە سووڕ مابوو کە ئەوانیش وەکوو میللەتانی دیکە، وەکوو ئەوروپاییەکان، ڕەفتاریان دەکرد. چونکە لەو سەردەمەدا، لە دوادواییەکانی چەرخی پانزەدا، زۆر کەس لە ئەوروپا بیر و مێشکیان بەوەوە خەریک بوو کە ئاخۆ هیندە سوورەکانیش ـیان هیندییەکان، بەپێی وتەی کۆڵۆمبووس، چونکە ئەو پێی

وابوو ئەوانە هیندین ـ ڕۆحیان هەیە! خەڵکی پێیان وا بوو کە ئەوان لە گیانلەبەرانەوە نزیکترن وەکوو لە مرۆڤ!
ئەمریکا لە چەندین گرۆی ئێتنیکی پێک هاتووە، لە چەندین جۆر نەتەوەی جیاجیا کە لە سەرانسەری جیهانەوە ڕوویان لەو وڵاتە کردووە، بەڵام فرەنسا لە دوادواییەکانی چەرخی نۆزدەیەمینەوە بووە بە وڵاتی پەنابەران.
ـ ئەی باشە بەرلەوەی پەنابەران بێنە فرەنسا هیچ جۆرە ڕەگەزپەرستییەک هەبوو؟
ـ ڕەگەزپەرستی لە هەر جێیەک مرۆڤ تێیدا بژی هەیە. هیچ وڵاتێک لە ئارادا نییە، کە بتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیدا جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی نەبێت. ڕەگەزپەرستی بەشێکە لە مێژووی مرۆڤ. وەکوو نەخۆشییەک وایە. مرۆڤ دەبێت ئەوە بزانێت و دەبێت خۆی فێری ئەوە بکات بەرپەرچی بداتەوە و لە نێوی بەرێت. ئێمە دەبێت دان بە خۆدا بگرین و خۆمان بەوە ڕازی بکەین کە "ئەگەر من لە بیانییەک بترسێم ئەوا ئەویش لە من دەترسێت و سڵ دەکاتەوە." ئێمە هەمیشە لەبەر یەکێکی دیکەدا بیانین. خۆفێرکردن بۆ ئەوەی پێکەوە بژیین، وەکوو ئەوەیە لە دژی ڕەگەزپەرستی بجەنگیت.
ـ من هیچ حەز لەوە ناکەم خۆم فێر بکەم لەگەڵ (سێلین)دا بژیم، چونکە ئەو بەدکارە، شت دەدزێت و درۆیش دەکات...
ـ سەیرکە، ئێستا تۆش زێدەڕۆیی دەکەیت، ئەوە بۆ تەنیا کچێک کە لە تەمەنی تۆدایە زۆر زۆرە.
ـ ئەو بەرانبەر عەبدو بێئەقڵ بوو. نایەوێت لە پۆلدا لە تەنیشت عەبدووە دانیشێت و قسەی خراپیش لەسەر ڕەشپێستەکان دەکات.

ـ دایکوباوکی (سـیلێن) ئەوەیان لە بیـر چووە پەروەردەی بکەن. ڕەنگە ئەوان بۆ خۆیشیان بەباشی پەروەردە نەکرابن. بەڵام تۆ نابێت ئەو چۆنە لەگەڵ عەبدودا تۆیش لەگەڵ ئەودا وا بیت. دەبێت قسەی لەگەڵدا بکەیت، تێی بگەیەنیت کە ئەو بۆ بە هەڵەدا چووە.
ـ قەت بە تەنیا ناتوانم ئەوە بکەم.
ـ داوا لە مامۆستاکەت بکە لە پۆلدا باسی ئەو بابەتە بکەن. ئەوە بزانە کە مرۆڤ لەگەڵ منالاندا دەتوانێت شتێ بە شتێ بکات و چەوتوچەوێڵییەکان ڕاست بکاتەوە. لەگەڵ گەورەکاندا زۆر زەحمەتترە.
ـ بۆچی؟
ـ چونکە هیچ منالێک بە ڕەگەزپەرستی لە دایک نابێت. زۆربەی جاران ئەوەیە کە منالێک ئەوە دەڵێتەوە کە لە دایکوباوکەوە، لە کەسوکارەوە، یان لە کەسانێکەوە کە لە دەوروبەریدا دەژین، بەر گوێی کەوتووە. بۆ منالێک زۆر ئاساییە لەگەڵ منالانی تردا یاری بکات. منالێک لەوە ناپرسێتەوە کە منالێکی تر ڕەنگی پێستی وەکوو ڕەنگی پێستی ئەو نییە، گوێ بەوە نادات لە خۆی بەنرختر یان بێنرخترە. بۆ منالێک، منالەکەی دیکە، بەر لە هەر شتێک، کەسێکە کە دەتوانێت یاریی لەگەڵدا بکات. ڕەنگە لەگەڵ یەکدیدا بگونجێن و ڕەنگە نەختێکیش شەڕ بکەن. ئەمەش هیچ سەیر نییە. هیچ پێوەندییەکی بە ڕەنگی پێستەوە نییە. بەڵام ئەگەر دایکوباوکی منالەکە پێی بڵێن کە خۆی تار و دوورەپەرێز بگرێت لە منالانی ڕەشپێست، ئەوسا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منالەکە لە ئاست ڕەشپێستەکاندا بە جۆرێکی جیاواز هەڵسوکەوت بکات.

ـ بەڵام بابە، تۆ لە قسەکانتدا هەمیشە دەڵێیت ڕەگەزپەرستی لە هەموو جێیەک هەیە و بەشێکە لە کەموکوورِییەکانی هەر مرۆڤێکیش!
ـ ڕاستە، بەڵام مرۆڤ دەبێت منالآن فێری کاری چاکە بکات، بۆ ئەوەی فێری ئەوە نەبن هەر ئەو کارانە بکەن کە خۆیان بە دروستی دەزانن. هەروەها مرۆڤ دەتوانێت منالآن فێری ئەوە بکات، کە چ شتێک خراپ و دزێوە. ئەمەش زۆر پێوەندی بەوەوە هەیە دایکوباوکان خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە و چۆن گۆش کراون. ڕەنگە منالێک ناچار بێت بۆ دایکوباوکی خۆی ڕاست بکاتەوە، کاتێک کە هەڵسەنگاندنی ڕەگەزپەرستانەیان بەرانبەر کەسێک یان شتێک بە دەمدا دێت. مرۆڤ نابێت دوودڵ بێت، یان بترسێت، لەوەی لە حاڵەتی وادا خۆ لە کاروباری گەورەکان هەڵقورتێنێت، هەر لەبەرئەوەی گەورەن.
ـ مەبەست لەمە چییە؟ مرۆڤ دەتوانێت منالێک لە ڕەگەزپەرستی قوتار بکات، بەڵام ناتوانێت گەورەیەک...
ـ بەڵێ، بۆ منالآن ئاسانترە. یاسایەک هەیە کە ڕێنوێنی هەر مرۆڤێک دەکات لەو کاتەوە کە ئیتر پێ دەگات و گەورە دەبێت: نەگۆڕان! فەیلەسووفێک، کە ناوی (سپینۆزا) بوو، زۆر بەر لە ئێستا وتوویەتی: "هەموو مرۆڤێک لە هەوڵی ئەوەدایە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ببێت بە خۆی." ڕۆژانە خەڵکیش دەڵێن: "ئەوەی فێری بوویت بە شیری، بۆت تەرک ناکرێت بە پیری!" بە واتایەکی دیکە: مرۆڤ کە جارێک بوو بەوەی هەیە، هەر ئەوەیش دەمێنێتەوە. بەڵام منالێک هێشتا نەرموشلە، هێشتا کراوەیە و دەتوانێت فێر بێت، هێشتا دەتوانێت ببێت بە کەسێک. گرانە گەورەیەک کە بڕوای بە "نابەرابەریی نێوان ڕەگەزەکان هەیە" بهێنیتە سەر ڕێیەکی دیکە. کەچی منالّ

دەتوانێت خۆی بگۆڕێت. هەر بۆیەشە قوتابخانە هەیە، بۆ ئەوەی منالآن فێر بکات کە مرۆڤ بە بەرابەری لە دایک دەبێت و بە بەرابەریش دەمێنێتەوە، بەلآم لە یەکتری جیاوازن، بۆ ئەوەی منالآن فێر بکات کە هەمەجۆری و فرەچەشنیی مرۆڤەکان سەروەت و سامانێکە، نەک پەککەوتەیی.

ـ ئایا مرۆڤ دەتوانێت چارەسەری ڕەگەزپەرستی بکات؟

ـ کەواتە پێت وایە کە ڕەگەزپەرستی نەخۆشییەکی درمە، لە یەکێکەوە دەچێت بۆ یەکێکی دیکە!

ـ ئا، چونکە ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، کەسێک ڕقی لە کەسێکی دیکە ببێتەوە هەر لەبەر ئەوەی ڕەنگی پێستی جیاوازە...

ـ ئەوانەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن، تەنیا خۆیان بڕیار دەدەن ئەگەر خوازیاری چاکبوونەوە بن. ئەگەر بیانەوێت خۆیان بخەنە بەر لەخۆپرسینەوە یان نا.

ـ مرۆڤ چۆن لە خۆی دەپرسێتەوە؟

ـ لە خۆی دەپرسێت، گومان دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە "لەوانەیە هەڵە لە منەوە بێت کە بەو جۆرە بیر دەکەمەوە، کە دەیکەمەوە" هەوڵ دەدات بیر لەوە بکاتەوە چۆنیەتیی مامەڵەکردن و لێکدانەوەکانی بگۆڕێت.

ـ بەلآم خۆ تۆ وتت کە خەڵکی هەرگیز خۆیان ناگۆڕن.

ـ با، بەلآم مرۆڤ دەبێت لەوە تێ بگات کە هەڵە دەکات و ئەوە هەڵبژێرێت و هەوڵ بدات چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ، لەڕاستیدا، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، دەگۆڕێت. مرۆڤ خۆی دەگونجێنێت. ئەگەر مرۆڤێک جارێک لە جاران بۆ خۆی تووشی ئەوە ببێت کە ببێتە

قوربانیی ڕەتدانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە، ئەوسا تێ دەگات کە ڕەگەزپەرستی چەند ناعادیلانەیە و قبوولکردنیشی چەند گرانە. ئێمە هەر ئەوەندەی گەشت بۆ جێیەکی دیکە بکەین و ڕووبەڕووی کەسانی دیکە ببینەوە، لەوە تێ دەگەین. ئەوەی ڕوو لە ولاتانی دیکە دەکات، هەمیشە شتێکی بۆ گێڕانەوە هەیە. گەشتکردن یانی حەزکردن لە دۆزینەوە و پەردە لە ڕوو هەلمالین و فێربوونی شتی نوێ، یانی تێگەیشتن لەوەی کە کولتووره جیاوازەکان چەندێ لە یەکتر جیاوازن و چۆن هەموویان جوان و دەولەمەندن. هیچ کولتوورێک نییە لە کولتوورێکی دیکە بالادەستتر بێت.
ـ کەواتە هیوایەک هەیە...
ـ دەبێت بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببینەوە، چونکە ڕەگەزپەرست هەم خەتەرناک و هەم قوربانیشە.
ـ مرۆڤ چۆن دەتوانێت هاوکات هەم قوربانی و هەم خەتەرناکیش بێت؟
ـ ڕەگەزپەرست خەتەرناکە بۆ سەر کەسانی دیکە و لە بەرانبەر خۆیشیدا قوربانییەکە. ئەو بە هەلەدا چووە، بەلام بە هەلەی خۆی نازانێت، یان نایەوێت بزانێت. مرۆڤ پێویستە بوێر و چاونەترس بێت بۆ ئەوەی دان بە هەلە و چەوتییەکانی خۆیدا بنێت. ڕەگەزپەرستیش هێندە بوێر و چاونەترس نییە. هێندە ئاسان نییە، مرۆڤ دان بە هەلەی خۆیدا بنێت و ڕەخنە لە خۆی بگرێت.
ـ بەتەواوی تێ ناگەم مەبەستت لەوە چییە!
ـ ڕاست دەکەیت! با ڕوونتری بکەینەوە. ئاسانە بلێیت کە "تۆ هەلەیت و من ڕاست". زەحمەتیشە بلێیت کە "تۆ ڕاست دەکەیت و من بە هەلەدا چووم."

ـ ئێستە بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ ڕەگەزپەرست بۆ خۆی دەزانێت کە بە هەڵەدا چووە.
ـ ئەو، ئەگەر نەختێک خۆی ماندوو بکات و بوێری و ئازایەتیی ئەوەی هەبێت لە گشت پرسیارەکان ورد بێتەوە، تێ دەگات.
ـ کام پرسیارانە؟
ـ ئایا لەڕاستیدا من لەوانی دیکە باشترم؟ ئایا ئەوە ڕاستە کە من سەر بە گرۆیەکی لە هەموو گرۆکان بالادەستترم. گرۆی وا هەن کە نزم و نەویتر بن لە گرۆیەکەی من؟ ئەی ئەگەر گرۆی نزم و نەوی و بندەستتر هەبن، بۆ دەبێت من دژایەتییان بکەم و لە ڕوویاندا بوەستمەوە؟ ئایا جیاوازیی لە سەروسیمادا ئەوەیش دەگەیەنێت، کە توانای تێگەیشتنی کەسێک بۆ فێربوونیش جیاوازە؟ بە واتایەکی دیکە: ئایا مرۆڤ هەر لەبەرئەوەی سپییە زیرەکترە لەوانی دیکە؟
ـ ئایا مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان، نەخۆشەکان، پیرەکان، منداڵ و پەککەوتەکان بندەستن؟
ـ ئەوەی ترسنۆکە لەو بڕوایەدایە کە بندەستن.
ـ ڕەگەزپەرستەکان لەوە بەئاگان کە ترسنۆکن؟
ـ نەء، چونکە مرۆڤ دەبێت ئازا و بوێر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت دان بەوەدا بنێت کە ترسنۆکە...
ـ بابە، ئەمە نامانگەیێنێتە هیچ کوێیەک.
ـ ڕەنگە، بەڵام من هەوڵ دەدەم ئەوەت نیشان بدەم، کە ڕەگەزپەرستێک چۆن لەنێو بیروبۆچوونە دژبەیەکەکانی خۆیدا زیندانی بووە و نایەوێت لێیان بێتە دەرەوە و خۆی ڕزگار بکات.
ـ کەواتە ئەو نەخۆشە!

ـ ئا، بە جۆرێک لە جۆرەکان. مرۆڤ کە ڕزگار بوو، ڕووبەڕووی ئازادی دەبێتەوە. ڕەگەزپەرست حەزی لە چارەی ئازادی نییە. لێی دەترسێت. هەروەکوو چۆن لە جیاوازی و وێکنەچوون دەترسێت. تەنیا ئازادییەک کە حەزی لێیەتی ئازادیی خۆیەتی، ئەو ئازادییەی کە ڕێی بۆ خۆش دەکات هەر چییەک بکات کە خۆی دەیەوێت، بڕیار لەسەر خەڵکی دیکە بدات و بوێرێت ڕقی لێیان بێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لەو ناچن و جیاوازن.
ـ بابە، دەمەوێت وشەیەکی ناشیرین بە کار بهێنم: ڕەگەزپەرست سەگ و سەگبابە!
ـ وشەکەت زۆر ناشیرینیش نییە، کچە شیرینەکەم، بەڵام بێگومان زۆر ڕاستە.

پاشەکی

دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی شتێکە کە دەبێت هەمیشە لە بیرماندا بێت. بێداری و بەئاگاییمان هەرگیز نابێت لەق بێت. دەبێت دەست بەوە بکەین، نموونە بهێنینەوە و سەرنج لە وشە خەتەرناکەکانیش بدەین و بەئاگا بین. هەندێک وشە بۆ بریندارکردن و سووکایەتیپێکردن بە کار دەهێنرێن، بۆ ئەوە بە کار دەهێنرێن، بەدگومانی و تەنانەت ڕق و کینەیش بژێیێننەوە. هەندێکیشیان هەڵدەشێلرێن و نێوەڕۆکێکی دیکەیان پێ دەبەخشرێت و بە سووکی سەیرکردن و پلەوپایەیان لێ دەکەوێتەوە. هەندێکی دیکەشیان جوان و بەختیارن. ئێمە دەبێت خۆ تار و دوورەپەرێز بگرین لە کلێشەکان، لەو قسە و قسەڵۆکانەش کە گشتگرن و لە درێژەی بەکارهێناندا دەبنە مایەی جێخۆشکردن بۆ ڕەگەزپەرستی. دەبێت ئەو دەستەواژانە لە گەنجینەی وشەکانمان دەربهێنین کە لەنێو خۆیاندا واتای ترسناک و چەوتوچەوێڵیان هەڵگرتووە. دژایەتیکردن و لەڕووداوەستانی ڕەگەزپەرستی لە کارکردن لەگەڵ زماندا دەست پێ دەکات. ئەم دژایەتیکردنەش خواست و ویست، دانبەخۆداگرتن و فەنتازیا دەخوازێت. چیتر هەر ئەوە بەس نییە، کە تەنیا بە ڕەفتار و گوتاری ڕەگەزپەرستانە تووڕە و ناڕەحەت بین. دەبێت بەکردەوەش لە ڕوویاندا بوەستینەوە. بەگشتیش نابێت خۆ لە ئاست چەوتوچەوێڵییە ڕەگەزپەرستانەکاندا مت بکەین و هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەین. هەرگیز نابێت وا بیر بکەینەوە: "ئەوەندەش ترسناک نییە!" ئەگەر مرۆڤ

کــــەمــــتــــەرخــــەم بێت و گــــرنگیی پێ نەدات، ئەوا ڕێ بۆ ڕەگەزپەرستی خۆش دەکات بەنێوماندا ڕەت بێت و لەنێو ئەو کەسانەشدا بگەشێتەوە و گەشە بکات، کە لە بارێکی تردا دەیانتوانی نەکەونە نێو ئەو داوەوە. لەڕوودانەوەستان و هیچ لە ئەستۆی خۆ نەگرتن، دەبن بە هۆی ئەوەی ڕەگەزپەرستی ببێت بە شتێکی ڕۆژانە و دزێو. بیرت نەچێت کە هەندێ یاسا هەن. ئەو یاسایانەی سزای ئەو کەسانەیان پێ دەدرێت کە قسەی ترن و دزێو لە دژی گرۆیەک لە گرۆ مرۆڤییەکان دەکەن. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە چەندین کۆمەڵە و بزووتنەوەی دژ بە هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی هەن و کارێکی زۆر پێویست و گرنگیان لە ئەستۆ گرتووە.

کە جارێکی دیکە دەچیتەوە پۆلەکەت، سەیری هەموو هاوڕێییەکانی پۆلەکەت بکە و ئەوە ببینەوە کە هەموویان جیاواز و وێکنەچوون و ئەم فرەچەشنییە شتێکی جوان و لەبەردڵانە. ئەوانە لە هەموو کونوقوژبنێکی ئەم دنیایەوە هاتوون. دەتوانن شتێکت پێ ببەخشن کە خۆت نیتە، هەروەکوو چۆن تۆش دەتوانیت شتێکیان پێ بدەیت کە نائاشنایە بەوان و ناینیاسن. تێکەڵبوون، شتێکە کە هەر هەمووومان دەوڵەمەنتر دەکات.

لەکۆتاییشدا ئەوە بزانە کە هەر دەموچاوێک موعجیزەیەکە بۆ خۆی. دانسقەیە. تۆ، قەت جارێک لە جاران بە دوو دەموچاوی تەواو وەکوو یەک و وێکچوو ناگەیت. جوان یان ناشیرین، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەو جۆرە وشانە تەنیا شتێکی ڕێژەیین و هیچی تر. هەر دەموچاوێک هێمایەکە بۆ ژیان. هەموو ژیانێکیش شایانی ڕێز و قەدرگرتنە. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە سووکایەتی بە کەسێکی دیکە

بکات. کاتێک مرۆڤ ڕێز و حورمەت نیشانی مرۆڤێک دەدات، لەو ڕێیەوە بە شانوبالّی ژیاندا، بە گشت قەشەنگی و بەخۆوەنازینێکییەوە، بە گشت جیاوازی و شتە چاوەڕواننەکراوەکانییەوە، هەڵدەڵێت. ئێمە کاتێک بە ڕێز و حورمەتەوە ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبینەوە، ڕێز و حورمەت نیشانی خۆیشمان دەدەین.

پاشەکی بۆ وەرگێڕانی سویدی

لە بەهار و زستانی ١٩٩٨دا سەردانی نزیکەی پانزە خوێندنگەی پلەکانی دواسەرەتایی و ناوەندیم لە فەرەنسا کرد. زۆربەی ئەو خوێندکارانەی بینیمن، لە تەمەنی یانزە و دوانزە ساڵاندا بوون. ئەوان لەگەڵ مامۆستاکانیاندا کتێبەکەی من "ڕەگەزپەرستی چییە؟ گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا"یان خوێندبووەوە.
ئەوەی سەرنجڕاکێشە بۆ من ئەوەیە، ڕەگەزپەرستی چەمکێکە کە بە لای ئەو خوێندکارانەوە گرنگە و پێوەی خەریکن. سەرجەمی گفتوگۆ و لێدوانەکان دەرگا لەسەر ئەم سێ بابەتە ئاوەڵا دەکەن: چۆن بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببینەوە؟ لێکدابڕان و هەڵاواردنی گرۆ مرۆڤییە جیاجیاکان چی دەگەیەنێت؟ دەتوانین چی بکەین لە ئاست ئەو ترسەدا کە بەرانبەر بە (بەرەی نەتەوەیی) هەمانە؟
سارا دوانزەساڵانە، دوو چاوی ڕەشی گەورەی هەیە و خوێندکاری دوای سەرەتاییە، لە (مۆنپێلیر)، لە خوارووی فەرەنسا: "لەبارەی ئەو دایکوباوکە عەرەبانەوە چی دەڵێیت، کە منداڵەکەیان لەو خوێندنگەیە دەردەهێنن، کە پڕە لە منداڵی عەرەب؟"
داوا لە (سارا) دەکەم پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە و لێی دەپرسم: "ئایا ئەوە پێوەندی بە دایکوباوکی منداڵانی عەرەبەوە هەیە؟" دەڵێت: "بێگومان". بۆی ڕوون دەکەمەوە کە لە ئاست ئەو کارەدا سەرسووڕماوم و پاشان لە خۆم دەپرسمەوە چۆن بتوانم ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە، کە مرۆڤ چۆن قێزی لە

چارەی خـۆی دەبێـتـەوە. خـۆم لە بەکـارهێنانی ئەو وشـانە دەپارێزم و لەبری ئەوە لەبارەی هەڵاواردن و لێکجیاکردنەوەی گـرۆ مـرۆڤـیـیـەکـانـەوە دەدوێم و پێی دەڵێم: "ئەوانە ئەو دایکوباوکـانـەن کـە دەیانەوێت منـاڵەکـەیان وەکـوو هـەمـوو منـاڵانی دیکە بێت." "دەیانـەوێت منـاڵەکـەیان وەکـوو هـەمـوو منـاڵانی تری فرەنسی بێت و پێیان وایە ئەگەر مناڵەکەیان لە منـاڵانـی تـری عـەرەب دابـبـڕن، تووشـی ئـەوە نابێت بە سـووکی سـەیر بکرێت." مـامـۆسـتـاکـەی (سـارا)، کە لە کۆبوونەوەکـەدا بەشـداره، خـۆی لە گـفـتـوگـۆیەکـە هـەڵدەقـورتێنێت و دەڵێت: "سـارا باسـی خۆی دەکـات، ئەو بۆ خـۆی دووچاری ئەو گـرفتـە بووە."
لە هـەمـوو ئەو پرسـیـارانەی منـاڵان لێیـان کردم، پرسـیـارەکـەی (سـارا) بـۆ من لە گشـتـیـان چاوەڕواننەکراوتر و هـاوکـاتیش لە گـشـتـیـان بەهێـزتر بوو. مـن، زۆرجـاران، دەمـداچەقـاو لە بەرانـبـەر ئەو دایکوباوکـانەدا وەسـتـاوم کـە باسـی ئـەوەیان کردووە چۆن هـەستیان بە سەرلێشوان و بێدەسەڵاتی کردووە، کـاتێک ڕووبـەڕووی ئەوە بـوونـەتـەوە منـاڵەکـانیـان وشـەی ڕەگەزپەرستـانە بە کار دەهێنن و تەنانەت خـۆیان لە ڕیزەکانی (بەرەی نەتەوەیی) نزیک دەخەنەوە و تێکەڵ بەوان دەبن. "بەڵام ئێـمـە هـەمـیـشـە لە هـەوڵی ئەوەدا بووین بە بـاشـتـرین شـێـوە پەروەردەیان بکەین، هەمـیـشـەش بـۆ خـۆمـان لـەنێـو ئەو کـۆمـەڵانەدا، کـە دژایـەتیی ڕەگـەزپەرسـتـی دەکـەن، چالاک بووین..." و شـتـی دیکـەی لەو جـۆرە. دایکێـک، لە یەکـێـک لە کتێبفرۆشییەکانی پاریسدا، لێم دێتە پێشەوە و دەڵێت: "من و پیـاوەکـەم تووشـی شـتـێکی زۆر نـاخـۆش و دڵتـەزێن بووین. کـوڕەکانمان، کە پانزە و حـەڤدە سـاڵانن، زۆرجـاران، لە لایەن

کوڕانی عەرەبی مەغریبییەوە پەلامار دەدرێن. جار لە دوای جار هەوڵ دەدەم ئەوەیان بۆ ڕوون بکەمەوە کە بە هەمان چاو سەیری هەموو مەغریبییەکان نەکەن، بەڵام تا دێت ڕەگەزپەرستانەتر لە مەغریبییەکان دەڕوانن. چی بکەین؟ تۆ لە کتێبەکەتدا ئەمەت باس نەکردووە."
هەمان پرسیارم لێ دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە، لە لایەن خوێندکارێکی پلەی دواناوەندییەوە لە (بۆرگێز): "من و باوکم لە یەکتری تێ ناگەین. ئەو چیتر حەوسەڵەی قبووڵکردنی مەغریبییەکانی نەماوە، چونکە هەمیشە ئوتۆمۆبیلەکانیان لە بەردەم گەڕاجەکەی ئێمەدا ڕادەگرن. بێگومان ئەمە شتێکی ناخۆشە، بەڵام دیارە ئەوان نایانەوێت لەوە تێ بگەن..."
مامۆستایەکی خەڵکی (ڕەیم) سکاڵا دەکات: "هەندێک لە خوێندکارە مەغریبییەکان لەنێو خۆیاندا بە عەرەبی قسە دەکەن، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی من تێ نەگەم باسی چی دەکەن. ئەمە تووڕەم دەکات و ڕقم هەڵدەستێنێت. هیچ چارەیەکیشم نییە؟"
(کامیلە) خوێندکاری هەمان خوێندنگەیە و چواردەساڵانە: "تاقەت و حەوسەڵەی مرۆڤ تا چ سنوورێکە؟ چی بکەم کاتێک دراوسێیەکەمان کچە چواردەساڵانەکەیان ناچار دەکەن شوو بکات و لەچک ببەستێت؟"
(مالیکە) وەڵامی دەداتەوە: "کەس بۆی نییە لە فەرەنسا وا بکات. ئەگەر باوکم ناچارم بکات شوو بکەم، لە لای نزیکترین هاوڕێم خۆم دەشارمەوە."
(خەدیجە) کە لە یەکێک لە خوێندنگەکانی پلەی دواسەرەتاییدا لە (بۆرگێز) کار دەکات، دەکەوێتە قسە و

داوای لێبووردن دەکات کە خۆی لە گفتوگۆی منداڵەکان هەڵدەقورتێنێت و دەپرسێت: "کەی بیر لەوە دەکەیتەوە کتێبێک لە بارەی ڕەگەزپەرستییەوە بنووسیت، کە ژێرناونیشانەکەی "گفتوگۆ لەگەڵ باوکودایکمدا"، بێت؟" پاشان باسی ئەوە دەکات کە چەند بۆ دایکوباوکی سەختە قبووڵی ئەوە بکەن شوو بە ناموسڵمانێک، بە ئەوروپاییەک، بکات. "بە بڕوای من ئەمە ڕەگەزپەرستییە." و لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت: "دایکوباوکی من، لە هەر شتێک بەوان نامۆ بێت، دەترسێن. بەڵام من نامەوێت ئەو پیاوەی خۆشم دەوێت، تەنیا هەر لەبەرئەوەی دایکوباوکم قبووڵی بکەن، ناچار بێت بێتە سەر دینی ئیسلام."
لە فێرگەی (سێڤگنێ) لە (ڕۆیبای) (هۆوریا)ی دوانزە ساڵان دەڵێت: "لەو باوەڕەدایت بتوانیت کار بکەیتە سەر ئەو منداڵانەی دایکوباوکیان ڕەگەزپەرستن؟" هەمان پرسیارم لە لایەن (لیودیا)وە لە فێرگەی (ژان ژاورێ) لە (لۆمێ) کە دەکەوێتە دەوروبەری (لیل) لە سەرووی فرەنسا لێ دەکرێت: "ئەگەر باوکودایکم ڕەگەزپەرست بن، ئەوە دەگەیەنێت کە منیش ڕەگەزپەرستم؟ ئایا دەتوانم باسی ئەوەیان بۆ بکەم کە دەبوو چۆن بوونایە؟" هاوڕێی پۆلەکەی کە ناوی (کارین)ە بەدوای ئەوەدا دەڵێت: "لێرە، لەم خوێندنگەیەدا، یەکێک هەیە ڕەگەزپەرستە. ئەو نایەوێت کتێبەکەت بخوێنێتەوە. خەتای ئەویش نییە، دایکوباوکی زۆر تایبەتن. هەوڵمان داوە قسەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام هیچمان پێ ناکرێت، چونکە نایەوێت گوێمان لێ بگرێت. نازانین چی بکەین، بەڵام هیواداریین تۆ بتوانیت لەبارەی ئەوەوە بدوێیت، کە چی لەگەڵدا باس بکەین..."

(مریەم) خوێندکاری پلەی ناوەندییە لە (بازاس) لە خوارووی خۆرئاوای فرەنسا. لە فرەنسا لە دایک بووە و باوکودایکی جەزائیرین.(مریەم) ئەوە دەگێڕێتەوە براگەورەکەی، کە لە (تۆولۆن)، لە خوارووی خۆرهەڵاتی فرەنسا، دەژی، چۆن ناچار بووە ناو و پاشناوی خۆی بگۆڕێت ـ بە ئومێدی ئەوەی کارێکی دەست بکەوێت و بتوانێت وەکوو هەر کەسێکی تر ژیان بەسەر بەرێت ـ نەختێک بێدەنگ دادەنیشێت و پاشان دەڵێت: "ئەوەش هیچی نەگۆڕی، چونکە نەیتوانی سەروسیمای خۆی بگۆڕێت! بەڵام من لێرە هەست بە غەریبی ناکەم."
(مالیک)، منالّی خێزانێکی فرەنسی ـ جەزائیرییە، وەڵامی دەداتەوە: "من خۆم فێر کردووە چۆن بە گاڵتەوگەپەوە ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی ببمەوە. کاتێک لە (بۆردۆ) دەژیاین، هەر کە کەسێک قسەی ڕەگەزپەرستانەی بکردایەوە، پێ دەکەنیم. بەڵام هەمان شت کارێکی خراپی کردە سەر خوشکە بچکۆلەکەم و ئێستا لەناچاریدا دەچێت بۆ چارەسەری دەروونی."
هەموو منالان ئەو توانایەیان نییە کە بە گاڵتەوگەپەوە ڕووبەڕووی قسەوقسەڵۆکی ڕەگەزپەرستانە ببنەوە. ڕووم لە هەر لایەک کردبێت، هەمیشە هەمان پرسیار لە بەردەممدا قوت بووەتەوە: "چی بکەم؟ هیچ لەو بارەیەوە لە کتێبەکەتدا نەنووسراوە..."
ئەمە ڕاستە و لە کتێبەکەمدا نییە. بەڵام من بەوەی کە بە بیریان دەهێنمەوە کە نابێت دەستەوەستان بین و هیچ نەکەین، بەوەی کە نابێت لێگەڕێین هەرچی دەبێت با بێت، بەوەی کە نابێت پێمان وا بێت کە جۆرێک لە ڕەگەزپەرستیی

ڕوون هەیە، بەوەی کە چەند یاسایەک دژی چالاکیی دژایەتیکردنی بیانییان هەیە، وەڵامیان دەدەمەوە.
لە (مۆنتێلیمار)، لە خوارووی خۆرهەڵاتی فەرەنسا، بەڕێوەبەری خوێندنگەکە، کە لە کاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵماندایە، ئیشارەت بۆ من دەکات. مامۆستایەک کە لە تەنیشتمەوە وەستاوە بە گوێمدا دەچرپێنێت: "وریا بە و ئاگات لە خۆت بێت. بەڕێوەبەری خوێندنگە لەوە دەترسێت کە تۆ ئاگری شەڕوشۆڕ لە خوێندنگەکەدا خۆش بکەیت. دەبێت بە ئاگا بیت، منالان دەتوانن بگەنە ئەو بڕوایەی کە شتێکی زۆر ئاسایی و بەجێیە لە خوێندنگەکەدا بکەونە سەروگوێلاکی یەکتر."
جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی سووکایەتیپێکردنی ڕەگەزپەرستانە دەبێتەوە، نابێت پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی ڕەگەزپەرستانە بەرێت، بەڵکە دەبێت بە هێمنییەوە ڕووبەڕوو ببێتەوە و فرسەت بهێنێت تا بتوانێت، لە پۆلدا، کاتێک کە گشت خوێندکاران ئامادەن، باسی ڕەگەزپەرستی بهێنێتە کایەوە.
(ئاودرەی)، کە خوێندکاری هەمان خوێندنگەیە و لە تەمەنی باڵقبووندایە، دەڵێت: "من قەت تووشی ڕەگەزپەرستی نەبووم. قەتیش ڕەگەزپەرستانە ڕەفتارم نەکردووە. ئەوە خەڵکی وڵاتانی سەرووی ئەفریقان کە لە فەرەنسا دەژین لە بەرانبەر فەرەنسییەکاندا ڕەگەزپەرستن. هەندێ لەو بیانییانەی کە لە فەرەنسا دەژین هیچ ڕێز و حورمەتێکیان بۆ یاسا و ڕێساکانی ئێمە نییە..." (لاورێنت)، کە خوێندکاری هەمان پۆلە، دوای قسەکانی ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئەو ڕەگەزپەرستییەی لێرە هەیە، بەگشتی ئەو جۆرە

ڕەگەزپەرستییەیە کە ڕەشەکان و مەغریبییەکان لە ئاست سپییەکاندا بە کاری دەهێنن. ئەگەر فەرەنسییەک، ڕەنگپێستێک بکوژێت دوو هەفتە لە دەنگوباسەکانی تەلەفزیۆندا باس دەکرێت و بەپێچەوانەوەش ئەگەر ڕەنگپێستێک فەرەنسییەک بکوژێت تەنیا چەند ڕۆژێک باس دەکرێت و ئیتر قڕوقەپی لێ دەکرێت." منداڵێکی تر، لە هەمان پۆلدا، بە چرپە پێم دەڵێت: "حەزم لە چارەی عەرەبەکان نییە، چونکە زۆر بێئەقڵن و جارێک تووشی چەند عەرەبێک بووم کە جوێنیان پێ دام." (مارلێن): "ئەگەر ئێمە شینین یان سەوز، ڕەشین یان سوور، زەردین یان سپی هیچ گرنگییەکی نییە، هەر هەموومان هەم دڵ و هەم مێشکیشمان هەیە. من قەت تووشی کەس نەبووم هەڵیکوتابێتە سەرم و پێشم وا نییە قەت بۆ خۆشم پەلاماری کەسێکم دابێت." لە (لێیا)، لە پلەی ناوەندی، لە (بازاس) وەکوو زایەڵەیەک دێتە بەر گوێ: "من دەمەوێت شتێکتان بۆ بگێڕمەوە. کە بچووک بووم یەکێکم بە قولەڕەش بانگ کرد و بەڵام لەوساوە قەت جارێکی تر ئەوەم بە کەس نەوتووە."
(جێسیکا)، لە (ڕەیمس)، لە سەرووی خۆرهەڵاتی فەرەنسا، تەمەنی دوانزەساڵانە: "ئەگەر نە دایکوباوکی کەسێک و نە هاوڕێیانی کەسێک ڕەگەزپەرست نەبن، چی وا دەکات ئەو کەسە ببێت بە ڕەگەزپەرست؟"
(ئارتور) خوێندکاری هەمان پۆلە: "چیت دەکرد ئەگەر بتزانییایە کە کچەکەی خۆت ڕەگەزپەرستە؟"
(ماریۆن): "ئایا کچەکەت قەت تووشی ڕەگەزپەرستی بووە؟"
(فرێدریک): "ئەی خۆت قەت تووشی ڕەگەزپەرستی بوویت؟"
زۆر لایان سەیرە کە دەڵێم نە من و نە منداڵەکانیشم تووشی

ڕەگەزپەرستی نەبووین، بە لانی کەمەوە نە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نە لە ڕێی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە. ئەوسا ئەو منالانەی کە لە بنەچەدا خەڵکی مەغریبن دەڵێن: "ئێوە خواپێداون."
بەرلەوەی کە بەو شێوەیە بە فرەنسادا بگەڕێم نەمدەزانی ئەو منالانەی تەمەنیان لەنێوان یانزە و پانزە سالاندایە هێندە بیر لە (بەرەی نەتەوەیی) دەکەنەوە. ئەوان بانگوسەلای ڕەگەزپەرستانەی ئەو پارتییە دەبیستن و لەوەش تێ ناگەن بۆ دیموکراتییەتی فرەنسی زەمینەی بۆ ئەو بزووتنەوەیە خۆش کردووە تێیدا گەشە بکات و جێپێی خۆی تێدا توند بکات.
خوێندکارانی پلەی ناوەندی، لە (مۆنتپێلییەر)، لە بارەی هیچ شتێکی دیکەوە هێندەی ئەو ترس و بیمەی (بەرەی نەتەوەیی) خستوویەتییە دڵیانەوە، پرسیاریان نەکرد. (هیشام)ی چواردەسالان لە (رەیم) دەپرسێت: "ئەگەر فرەنسا چیتر ئەو کۆمارە نەبێت و لەبری ئەوە ببێت بە ولاتێکی دیکتاتۆر و هەموو پەناهێن و بیانییان بکاتە دەرەوە، ئەوسا چی دەڵێیت؟"
کاتێک داوای لێ دەکەم پرسیارەکەی زیاتر ڕوون بکاتەوە، دەڵێت: "بەرەی نەتەوەیی دەیەوێت ڕژێمێکی دیکتاتۆر دەسەلاتی فرەنسا بگرێتە دەست و فرەنسای کۆماری لە ناو بەرێت. ئەوساش ئەوە دەکات کە لە پێناویدا هاتۆتە کایەوە و بۆی تێدەکۆشێت."
منالێک کە لە بنەچەدا خەڵکی مەغریبە قسەکەی لێ وەردەگرێت و دەڵێت: "باشە ئەی ئەگەر یاسا دژی ڕەگەزپەرستی هەیە، ئەی بۆ بەرەی نەتەوەیی قەدەغە نەکراوە؟"
(نۆیۆمی)یش دەپرسێت: "ئەی چۆنە لە ولاتێکدا، کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەپارێزێت، ڕێ بە بوونی پارتییەکی

وەکوو بەرەی نەتەوەیی دەدرێت؟"
لە (بازاس)، لە خـــوارووی خـــۆرهـەڵاتـی فـــرەنسـا ، زۆربەی خوێندکارەکان سەر بە خێزانی جووتیارانن. مامۆستایەک دەڵێت: "لێرە کەس، یان ڕاستتر زۆربەیان، هیچ لە بارەی ڕەگەزپەرستییەوە نازانن.". لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا خوێندکارەکان دەکەونە باسوخواسی ئەوەی کە بێ ئەم کتێبۆکەیە، ئەوەیان نەدەزانی کە شتێک هەیە ناوی دژایەتیکردنی ڕەگەزە. لەو خوێندنگەیەدا تەنیا یەک پێسترەش و کچۆڵەیەکی مەغریبیم بەرچاو کەوت. (مریەم) بەتەواوی تێکەڵ بەو وڵاتە بووە کە تێیدا دەژی و بە زاراوەی ئەو ناوچەیەش دەدوێت. ئایا ئەوەندە ئاسانە ئەگەر لە جێیەک بیانیی لێ نەبێت، ڕەگەزپەرستیش لە ئارادا نییە؟ زۆر لەمە دڵنیا نیم. چونکە کاتێک لەگەڵ منداڵەکاندا قسە دەکەم لەوە تێ دەگەم کە ڕەگەزپەرستی شتێکە بە خۆیەوە خەریکی کردوون، ئەگەرچی وەکوو تر مێشکیشیان بە شتی دیکەوە خەریکە.
(ئاورێلییە) دەپرسێت: "ئایا مرۆڤ دەتوانێت ڕەگەزپەرست بێت، ئەگەرچی لەوەش بێئاگایە کە ڕەگەزپەرستە؟"
(ئێلۆدییە)یش لەوە دەپرسێتەوە کە بۆچی من باس لە ڕەگەزپەرستی دەکەم.
ئەو تاکە منداڵە ڕەشپێستەش کە لەو خوێندنگەیەدا هەیە هیچ ناڵێت. کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ دێت لێم دێتە پێشەوە و داوام لێ دەکات کتێبەکەی دەستی بۆ ئیمزا بکەم و پاشانیش دەڵێت: "لەڕاستیدا ڕەگەزپەرستی چ کەڵکێکی هەیە؟"
لە (سێڤیگنێ) لە (ڕۆوبایخ) دەکەومە بەر ڕێژنەی پرسیار. یەکەم پرسیار لە بارەی ئەو شتە دژبەیەکانەوەیە کە لە

کتێبەکەدان: "ئایا ئەوە جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی نییە، کە وا نیشان بدەیت منالانی (مێستیس) جوانترن لە منالانی تر؟" سەردانی هەر پۆلێکم کردبێت، ئەو پرسیارەم ڕووبەڕوو کراوەتەوە. هەروەها ئەوەش کە لە کتێبەکەدا هەر ڕەگەزپەرستێک بە سەگ و سەگباب دەستنیشان کراوە لە کتێبەکەدا زۆرکەسی تووڕە و شێتگیر کردووە. "تۆ دەڵێیت مرۆڤ دەبێت ڕێز و حورمەتی بۆ یەکتر هەبێت، ئەگەرچیش وەکوو یەکیش بیر نەکەنەوە." ئەمە (ستێفان) لە (مۆنتپێلییێر) دەیلێت و پاشان بەردەوام دەبێت: "بەلام لە کۆتایی کتێبەکەدا ڕەگەزپەرستەکان بە سەگ و سەگباب وەسف دەکەیت. ئەمە چۆن لەگەڵ دیتنەکانی دیکەتدا دەگونجێت؟" (ئێسێلە)ی دوانزە سالان، لە (ڕێیمس)، دەپرسێت: "ئایا بەر لەوەی کتێبەکەت بنووسیت، بیرت لە هەموو شتێک کردبووەوە؟" (ئاورێلیێ)یش کە خوێندکاری هەمان پۆلە دەپرسێت: "ئایا هیچ ڕەگەزپەرستێکت وا لێ کردووە دید و بۆچوونی خۆی بگۆڕێت؟"

پرسیار و بابەتی دیکەیش تێکەڵ بە گفتوگۆکانمان بوون. بەر لە هەر شتێک ئەو منالانەی کە دایکوباوکیان خەڵکی مەغریبن لە بارەی ترسەوە، ئەوەندە لە بارەی ئەو ترسەوە نا کە هەڵپە و پەلامارە ڕەگەزپەرستانەکان دەیخەنە دڵەوە، بەڵکە زیاتر لە بارەی ترسی جێی خۆ کردنەوە لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا دەدوان. (حەنانە)ی چواردەسالان دەپرسێت: "هەلاواردن و لێکجیاکردنەوەی گرۆ مرۆڤییەکان لە یەکتر چی دەگەیەنێت؟" مەبەستیشی لەوەیە کە: "ئایا من کە لە فەرەنسا لە دایک بووم و لە دایکوباوکێکی مەغریبیم کە بە عەرەبی لە مالەوە قسە دەکەین، ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەتوانم لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا

جێی خۆم بکەمەوە؟" ئەو پرسیارەکەی خۆی بە پرسیارەکەی (سارا)وە دەبەستێتەوە لە بارەی ئەو دایکوباوکانەوە کە ڕێ نادەن بە منداڵەکانیان، بێجگە لە منالانی عەرەب، تێکەڵ بە کەسی دیکە ببن. ئەو برایەکەی (مریەم) دێنێتەوە بیرمان کە چۆن ناو و پاشناوی خۆی گۆڕیبوو. بەر لە هەر شتێک، منالانی پەناهێنەران و بیانییان، ئەو منالانەی کە هیچ داهاتوویەکیان لە وڵاتی دایکوباوکانیاندا نییە، کە شایەتی زۆرترین نیگەرانی و پەشێوین، هاوکاتیش بە چەند وشەیەکی سادە و ساکار خواستێکی ئاشکرا و ڕاستەقینە نیشان دەدەن، کە دەیانەوێت لەم وڵاتەدا بمێننەوە و ببن بە بەشێک لە مێژووی ئەم وڵاتە.
منالانی (بازاس)، کە دەڵێن هیچ لە بارەی ڕەگەزپەرستییەوە نازانن، پێکەوە لێم دەپرسن: "دەتەوێ بە چ شێوەیەک گەورە ببین و پێ بگەین؟"
(تۆماس)ی دوانزەسالانیش لە (مۆنتێلیمار) پارچەکاغەزێکی دایە دەستم، کە بۆ خۆی لەسەری نووسیبوو: "ڕەگەزپەرستی ئەوەیە کە هەمیشە لە جەنگدا بیت."

تاهر بین جەلوون
مارتی ١٩٩٨

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە:

Vad är rasism? Samtal med min dotter, Tahar Ben Jelloun.

Översättning av Mats Löfgren, Alfabeta Bokförlag. 1998

(٢) مەبەست لە ژان ماری لۆپێن، سەرۆکی بەرەی نەتەوەییە لە فەرەنسا و یەکێکە لە لایەنگرەکانی ڕەگەزپەرستیی و دژایەتیکردنی بیانییان لە سەرانسەری ئەوروپادا.

(٣) کوسکوس: خواردنێکی تایبەتی گەلانی سەرووی ئەفریقایە، لە ساوەر وردترە و لە فرەنسا زۆر باوە.

(٤) بۆماوە: ئەو خەسڵەتە بایۆلۆژییانەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێننەوە.

(٥) لۆپێن: ژان ماری لۆپێن. بڕوانە: پەراوێزی (٢)

(٦) سمۆلێنی: واتە: خەڵکی سمۆلاند. سمۆلاند، هەرێمێکە دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی سویدەوە.

(٧) بلاتە: وشەیەکی ناشیرینە لە لایەن سپییە ڕەگەزپەرستەکانەوە بە ڕەشپێستان دەوترێت و بەرانبەرەکەی لە کوردیدا نییە.

(٨) پۆگرۆم: وشەیەکی ڕووسییە. واتە: دژایەتی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژ بە جوولەکە.

(٩) پێتێن: فیلیپ پێتین، (١٨٥١-١٩٥١)، سوپاییەکی فرەنسایی بوو. لە ١٦/٦/١٩٤٠دا، دوای داگیرکردنی فرەنسا لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بوو بە سەرۆکی حکومەتی ئەوسای فرەنسا و لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم بە تاوانی خیانەتکردنی بە خاک و نەتەوەی فرەنسا حوکم درا بە مردن و پاشان بە لێبووردن حوکمەکەی بۆ کرا بە مانەوە لە زینداندا تا مردن.

(١٠) بوفۆن: جۆرج لویس (١٧٠٧-١٧٨٨) سروشتناسێکی فرەنساییە، یەکێک لە کارە گرنگەکانی بەرهەمێکە لە ٤٤ بەرگدا لەسەر دنیای گیانلەبەران.

(١١) مارتین لۆتەر کینگ: (١٩٢٩-١٩٦٨) قەشەیەکی ئەمریکاییە، کە نوێنەرایەتیی بەکارنەهێنانی زەبروزەنگی دەکرد لە جەنگی بەدەستهێنانی مافی ڕەشپێستەکاندا. لە ١٩٦٨دا کوژرا.